

پەیامەکانی حەق و نوور
پەیامی سیانزەهەم
دیزاینی مەزن
وەڵامێکی زانستی و فەلسەفی بۆ کتێبەکەی ستیڤن هاوکینگ
ئامادەکردنی
مەلا ڕەزوان ناسراو
برینداری شاعر

پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی سیانزەهەم

# دیزاینی مەزن

وەڵامدانەوەیەکی فەلسەفی وزانستی بۆکتێبەکەی ستیڤن هاوکینگ

ئامادەکردنی

مەلا ڕەزوان ناسراو بریندارى شاعر



## ستیڤن هاوکینگ ئەفەرموویت:

"ئەگەر ئەم جیهانە هەر لە خۆیەوە بەدی هاتبێ"، ئەمە وتەیەکی گاڵتە جاریە، چونکە پێچەوانەی فیتڕەتی بوونە، وە هەر لە بنەڕتدا پێویستیش بەوە ناکات بیری لێ بکرێتەوەو بەرپەرچی بدرێتەوە، ئەگەر بێت و ستیڤن هاوکینگ ئەم وتەیەی بە منداڵان بگوتایە لەوانەبوو هەر بەبەرد وەڵامیان بدابایەوە، بەڵام ئێمە هەندێك لە وتەکانی ئەو بەرێزە ئەخەینە بەردەست کە لەو کتێبەدا هاتووە، پاشان پووچەڵی ئەکەینەوە، ئەمەش لەبەر ئەو گەنج و لاوە تازە پێگەیشتووانەی کە بێ باوەڕەکان هەڵیان ئەخەڵەتێنن بەهۆی ڕوونکردنەوەی وێکچووە زانستیەکان و زاراوە بریقەدارەکان کە هەرگیز خوای گەورە لەمەو پێش بەڵگەیەکی لەو شێوازانەی دانەبەزاندووە".

# ئەی بەتۆم نەوت

ئەی بەتـۆم نـەوت مـەڕۆ ئـەوێ هـاودەردی تـۆ هــەر منم.

لە سـەرابـی ئـەو نـەبـوونـە سـەرچـاوەی ژیـان هــەر منم.

وە گـەر لە من تـووڕە بوویتی و ڕۆیشتووی بەهـەزاران جـار

دواجـار ئـەگـەڕێیتەوە لام چـونـکـە کـۆتـایـیت هەر منم.

ئـەی بەتـۆم نـەوت بە نـەخـش و نیگـاری دونیـا ڕازی مەبە

چـونـکـە وێنـەی سـەرابـی ڕەزامـەنـدیـەکـانـت هەر منم.

ئـەی بـەتۆم نـەوت من دەریـام و تۆش مـاسیە جـوانـەکـەی

مـەڕۆ بـۆ وشـکـاییەکـان چونکە دەریـای پـاکیت هەر منم.

ئـەی بەتۆم نـەوت وەک بـالندەکـان مـەکـەوە نێو تـەلـەوە

وەرە پـەڕوبـالـت وە تـوانـای هـەلـفـڕینت هـەر مـنم.

ئەی بەتۆم نەوت ڕێگـات پێ ئەگرن و تووشی ساردیت ئەکەن

چونکە ئـاگـرو نـووری تۆ، وە خـامـۆشـی هـەوات هەر منم.

ئــەی بەتۆم نــەوت گــرفــتــاری سیفــاتــی خــراپــت ئەکــەن

تاوەکــوو لێت ون بێت کە سەرچــاوەی سیفاتەکــان هەر منم.

ئەی بەتۆم نەوت مەپرسە چۆن کــاری بەندەکان ڕێک ئەخرێ

چــونــکــە بەدیهێنەری چــۆن و هــۆکــارەکــان خــۆ هەر منم.

گــەر دلــت ڕوونــاکــە بــزانە ڕێــگــە لــە کــوێــیە بــۆ مــاڵ

گــەر ســیفــات خــوایشــی بــزانــە خــوای ئــەو مــالە هەر منم[1].

---

[1] هۆنراوەی مەولانا جەلال الدینی ڕۆمی. وەرگێڕانی بریندار ی شاعر. تێبینی: لەبەر دەستکاری نەکردنی نێوەڕۆکی هۆنراوەکە نەمتوانی سەرواکانی هۆنراوەکە گشتی بکەمە یەك، چونکە ئەگەر لەبەر سەرواکان دەستکاری هۆنراوەکەم بکردایە ئەو کاتە هەندێك لەو واتایانەی کە مەولانا مەبەستی بوو لە وەرگێرانە کوردیەکە لە دەستمان ئەدا، هەر بۆیەش لە دەقە عەرەبیەکە چۆن هاتبوو ئا بەوشێوازە وەرمان گێڕاوە.

# پێشەکی

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابووردوودا مولحیدو بێ باوەڕەکان لەو کاتەی کە مشتموڕیان لەگەڵ ئیماندارەکان ئەکرد گومانیان بۆ ئەوە ئەچوو کەوا زانست لە گەشانەوەو بەرەو پێشڤە چووندایە، لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا ئەو تیۆریە فیزیاییە باو بوو کە گەردوون نەمرو هەمیشەییە، واتە: نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایش، وە وا گومانیان ئەبرد کەوا ئەم گەردوونە پێویستی بە دروستکەرێك نیە، بەڵام هەموو ئەمانە دارمان لەگەڵ دۆزینەوەی خاڵی سەرەتای گەردوون و دارمانی تیۆری گەردوونی جێگیر(**الکون الثابت**)[۲]، وە سەلمێنرا کەوا ئەم گەردوونە سەرەتای هەیەو کە لەمەو پێشدا بوونی نەبووە، جا ئەمە سەرەتایەك بوو کە کات و شوێن لەگەڵێدا پەیدا ببێت، ئەمەش کە ناسراوە بە (**تەقینەوە مەزنەکە**)، ئا لەم تەقینەوە مەزنەدا لە هێلکەیەکی گەردوونی بە چڕیەکی بەرزو گەرمیەکی زۆر زۆر ئەم گەردوونە ناوازەیەی لێوە دەرچوو، وە بەردەوامیش لە فراوان بووندایە لەو ساتەوە هەتاوەکوو ئیمڕۆکەمان، وە زانستی مرۆڤایەتیش لەو خاڵەدا ئەوەستێت کە دوای ڕوودانی تەقینەوە مەزنەکە بەهۆی شکانەوەیەکی زۆرکەم لە چرکەیەکدا ئەمە ڕوویداوە، جا هەرگیز نازانرێت لە پێش حاڵی ئەم چرکەیەدا چی بووە، مەگەر بە ئەندێشەو خەیاڵ بۆی ملکەچ ببێت، ئەکرێ کۆتا وتەی زانستی مرۆڤایەتی لە دوای تەقینەوە مەزنەکە ۱۰توان$^{-۳۵}$ چرکە بێت[۳]، وە سەرەتای دەستپێکی خاڵی

---

[۲] بڕوانە ئەم لینکە:
http://www.facebook.com/bh.truth#!/note.php?note_id=۲۳۱۰٤٤۸٥۰۲٥۹٥۰۹

[۳] بڕوانە ئەم لینکە: http://en.wikipedia.org/wiki/Time (واتە: یەکمان هەیەو سی و پێنج سفری لە پێشە) کە ئەکاتە ۱۰هەزار تریلیۆن تریلیۆن، واتای وایە یەك چرکەی دابەشی ۱۰هەزار تریلیۆن تریلیۆن بکەیت، لەمەوە تەقینەوە مەزنەکە لەبەشێکی کەمی ئەو ۱۰ هەزار تریلیۆن تریلیۆنە بەشێکی چرکەکە پەیدابووە. پاکی وبێگەردی بۆ خوا لە خێرایی بەدیهێنانی گەردوون.

١ـ قۆناغی پێش دەستپێکی تەقینەوە مەزنەکەیە کە زاناکانی فیزیایی و فەیلەسووفەکان سەرسام و بێ دەسەڵاتن لەوەی کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەمەوە هەبێت، چونکە دیاری کردنی ماهیەتی ئەو قۆناغە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کات، وە ئەم قۆناغە بە صفری زەمەنی ئیعتیباری بۆ کراوە یاخود بە صفری ڕەها چونکە کات بوونی نیەو ناتوانرێت دیاری بکرێت، هەر بۆیەش ئەو یاسا فیزیاییانەی کە ناسراوە لەسەر ئەم قۆناغەدا جێ بەجێ ناکرێت، وە زانا فیزیاییەکانیش لەم قۆناغەدا گەردوونیان بە گەردیلە ئیعتیبار کردووە کە بارستەکەی زۆر زۆر بچووك بووە، وە بچوکتریش بووە لەناوکی گەردیلەش، ئیتر یەکەم قۆناغی دروست بوونی گەردوونیان بەو بچوکیە وێنا کردووە، واتە لێرەدا زانا فیزیاییەکان هەمان بۆچوونیان هەیە لەگەڵ فەیلەسووفە یۆنانیەکان و هەندێ لە فەیلەسووفە ئیسلامیەکان لەسەر مەسئلەی (قدم العالم) واتە: هەبوونی ماددەی گەردوون بەر لەدروستکردنی گەردوون، ئەمەش بیروڕای ئیبن و سیناو فاڕابی و ئیبن و ڕوشدو فەیلەسووفەکانی تری یۆنانیەکانە، بەڵام ئیمامی غەزالی بە بەڵگەی ژیریی ئەمەی ڕەتکردووەتەوە لە کتێبی (تهافت الفلاسفة)، وە تەکفیری ئەوانەشی کردووە کە پێیان وایە لەگەڵ خوایە مادده هەبووبێ، چونکە یان ئەبێ مادده پێش خوا هەبووبێ، یانیش خوا پێش مادده هەبووبێ، جا ئەگەر پێش خوا هەبووبێ ئەوکاتە گەردوون هەر بوونی نەئەبوو چونکە ماددەیەکی بێ گیان ناتوانێ خۆی دروست بکات و خۆی بەڕێوە ببات چ جای ئەوەی خواش دروست بکات، وە ناشبێت لەگەڵ خوایە هەبووبێ، چونکە ئەو کاتە یاسای زنجیرەیی و دەورو تەرجیحی بەبێ مورەجیح دێتە گۆڕێ گشت ئەمانە پووچەڵ ئەکاتەوە کەوا پێش خوا کەوتووبێ یان لەگەڵ خوایا بوونی هەبووبێ، أـ دەور: واتە بەدوای یەك خولانەوە بۆ نموونە (زەید و بەکرو عەمر) زەید لە بەکر پەیدابووە، وە بەکریش لە عەمر پەیدابووە، وە عەمریش لە زەید پەیدابووە، ئیتر ئەخوولێتەوە، واتە: گەردوون لە مادده پێکهاتووە، ماددەش لە خوا پێکهاتووە، وە خوا لە گەردوون پێکهاتووە، ئیتر بەیاسای دەور پووچی ئەو وتەیەی فەیلەسووفەکان و زانا فیزیاییەکان ختسرایە ڕوو کە مادده هەرچەندێك بچووك بێت نەلەگەڵ خوایا هەبووە وە نەپێش خوا کەوتووە، بەڵکوو ئەوە خوایە کە زاناو بەدیهێنەری هەموو گەردوون کەزاتێکە نەسەرەتای هەیە نەکۆتایی، بەتەنیا خۆی ماددەی بەدی هێناوە. ب ـ زنجیرەو تەسەلسول: ئەمەش واتای وایە یەك بەدوای یەکەو سەرەتای نیە بۆنموونە: زەید لە بەکر دەرچووە وە بەکریش لە عەمر دەرچووە، وە عەمریش لە عامر دەرچووە بەبێ کۆتایی کەسەکان، مانای وایە گەردوون لە مادده دروست بووە وە ماددەش لە خوا دروست بووە، وە خواش لە خوایەکی تر دروست بووە ئەوەکەی تریش لە خوای تر بەبێ کۆتایی ئەمەش پووچە بەعەقڵ و مەنتق و ژیریی تەنیا بوونی یەك خوامان بۆ ئەسلمێت کە الله یە جل جلالە. ت ـ تەرجیح بەبێ مورەججیح، واتە: هەڵبژاردن و پەسندکردن بەبێ هەبوونی هەڵبژێرەرێك، بۆ نموونە: زەیدو بەکرو عەمر، تۆ نازانی کامەیان هەڵبژێرەری ئەوی تریانە ئایا عەمر زەیدی دروست کردووە یان زەید عەمری دروست کردووە، هەرچەندە ئەمە لە یاسای دەور نزیکە بەڵام لەڕووی لەفزیەوە جیاوازیان هەیە واتە: ئایا مادده خواو گەردوون و هەڵبژاردووە ئەگەر ئەو هەڵی بژاردووە ئەی کێ ئەوی هەڵبژاردووە؟ مولحیدەکان ئەڵێن لەخۆیەوە دروست بووە وەکوو مەیموونە داریۆنزمیەکان، کەچی گشت فەیلەسووفەکان ئەڵێن خوا گەردوونی هەڵبژاردووە، تەنیا خیلافەکە لەنەبوون و هەبوونی ماددەیەکەیە بەر لە گەردوون، هەربۆیەش بەم سێ یاسا فەلسەفیە، نەبوونی ماددەو گەردوونمان خستە بەردیدی ئێوەی خۆشەویست و بوونی هەڵبژێرەرێکمان نیشاندا کە زاتی خوای مەزن و ئەزەلیە.

٢ـ قۆناغی دروست بوونی کاته بە ئەندازەی بەشێك له ١٠هەزار تریلیۆن تریلیۆن چرکه، وه پلەی گەرمیشی یەکسانه به $١٠^{٣٢}$ که گەورەتره لەپلەی گەرمی خۆر، هەروەکوو لەڕووی کیمیاییەوه زانراوه کەوا گەردیلەکان هەندێکیان به هەندێکیانەوه پەیوەست ئەبن و یەکئەگرن، وه پێکهاتەکانی ناویشیان به هێزی نەوەوی کەهرۆموگناتیسی بەیەکەوه ئەبەسترێن و ڕەبت ئەکرێن، وه ڕەبتی نەوەویش به زیادبوون و به چەندانێتی بوونی هێزەکەی جیائەکرێتەوه (له هێزەکانی تر)، ئیتر لەوکاتەی که ئەو زیادبوونه پەیدابوو گەردوونیش دەستی به فراوانبوون کرد به ئەندازەی ١٠سم.

٣ـ ئەم قۆناغەش که لەنێوان ١چرکه بۆ ٣ خولەك که ماوەیەکی زەمەنی زۆر کەمە، ئیتر لەم کاتەدا فۆتۆنەکان و ئەلیکترۆنەکان پێکهنران، وه بۆئەوەی گەردوون دەست به فراوانبوونی بکات پلەی گەرمی دابەزی بۆ ١٠بلیۆن پلەی سەدی، ئیتر لەم پلەیەدا توخمی هیلۆم پێکهێنرا که چواریەکی گەردوونی لەخۆگرتووەو وێنای کردووه.

٤ـ ئەم ماوەیەی گەردوونیش لەنێوان ٣خولەك تا ١٠٠ملیۆن ساڵ خەملێندراوه، ئیتر لەم قۆناغەدا بەهۆی ئاستی دابەزینی پلەی گەرمای گەردوون گەردیلەکانی هایدرۆجینیش پێکهێنران وەکوو گازه بەناوبانگەکانی تر.

٥ـ ئەم قۆناغەش له قۆناغی سێیەمەوه دەست پێ ئەکات تاوەکوو ئێستاکەمان، که گشت ئەستێرەکان و هەسارۆچکەکان و گەلەئەستێرەکان و کۆزاراکان و کونه ڕەشەکان و ملیارەها ملیارەها ملیارەها بگره بەبێ هەژمار بەحیسابی ئێمەی مرۆڤ خوای گەوره بوونەوەرانی خۆی دروستکردو ئەم گەردوونه ناوازەیەی بۆ ئێمەو بوونەوەرانی تر فەراهەم هێنا، خوایەگیان ئەم دۆزەخه پڕ له ئاگرینەت پیرۆزی سەرکەشان و مولحیدانت بێت، که ئینکاری تۆو ئەدیانەکانی تۆ ئەکەن.

تێبینی: حوجەتولئیسلام ئەبو حامید ئەلغەززالی ئیعتراز له فەیلەسوفەکان ئەگرێت و ئەفەرموێت: ئەبێ بیانگوتایه کات پەیدابوو دروستکراوه، وه له بنەڕەتدا له پێشیدا کات هەر نەبووه، وه مانای وتەی ئێمەش که ئەڵێین: خوای گەوره پێشکەوتووه بەسەر جیهان و کاتدا، ئەوه خوای گەوره هەر هەبووەو جیهانیش نەبووه، پاشان هەبووەو جیهانی لەگەڵ هەبووه، وه تێگەیشتن له وتەی ئێمه که ئەڵێین: هەبووه بێ ئەوەی جیهان هەبێت ئەوه هەبوونی زاتی خوای گەورەیەو نەبوونی زاتی جیهانه (بەڕەهایی)، وه تێگەیشتنیش لەو وتەیەی ئێمه که ئەڵێین: هەبووەو جیهانیشی لەگەڵ هەبووه ئەوه بوونی دوو زاته به تەنیا، جا مەبەستیشمان به پێشکەوتن تاکیەکەیەتی به بوون به تەنیا، وه جیهانیش وەکوو یەك کەس وایه، جا ئەگەر بێت و بۆنموونه بڵێین: خوا هەبوو عیسا نەبوو، پاشان خوا هەبوو عیساشی لەگەڵ هەبوو، ئەوه هیچ لەفزێك لەخۆناگرێت تەنیا بوونی زاتێك و نەبوونی زاتێك نەبێ، پاشان بوونی دوو زاته، وه هیچ پێویستیش ناکات ئەندازەی شتێکی سێیەم بکرێت، ئەگەرچیش وەهم و ئەندێشه جێگیرو دامرکاونابێت له ئەندازه دانانی شتی سێیەم که زەمان و کاته کەواته هیچ لاناکرێتەوەو ئاوڕنادرێتەوه بۆ هەڵەکانی وەهم و ئەندێشەکان"، مەبەستی ئیمام ئەوەیه: کەوا وەهم و خەیاڵ بیر ئەکاتەوەو ئەندازەی زەمەن دائەنێ بۆ پێش دروست بوونی گەردوون، وه دکتۆر صلاح الدینی

گەردوونیش واتە تەمەنی گەردوون هەروەکوو زانست ئیمڕۆکە دۆزیویەتەوە ١٣.٧بلیۆن ساڵە[٤].

دۆزینەوەی سەرەتا بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە بوونی هێزێکی ڕەهاو داناو کارزانێکی ڕەها کردووە کە هەرگیزاو هەرگیز ملکەچ نابێت بۆ کات و شوێن، ئا ئەم گەردوونەی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، هەر بۆیەش زۆر لە زانا بێ باوەڕەکان وەکوو فرۆیدو هیوڵ و بۆیڵ ڕۆچوونە نێو ململانێیە تاڵەکان و هەوڵە نەزۆکەکانیان بۆ پیشاندان و تەرح کردنی ڕاڤەیەکی زانستی بەدیل لەبری ئەمە، ئەمەش بۆ پوچەڵکردنەوەی سەرەتای گەردوون کەوا چەند پلیکانەیەکی هەوایە هەروەکوو ستیڤن هاوکینگ باسی لێوە کردووە دوای ئەوەی کە زانستیەن ئەمەی سەلماند پاش ڕوودانی تەقەینەوە مەزنەکە بە شێوەیەکی کۆتایی، ئەمەش بە یارمەتی هەردوو زانای بەرز (بینرۆز و هاوکینگ)[٥].

---

هەوواری کۆمێنتەکی نووسیوە لە پەراوێز لەسەر وتەکانی ئیمامی غەزالی کە ئەفەرموویێت: "ئەم وتەیەی بەرپەرچدانەوەی بیردۆزی فەیلەسووفەکانە کە ئەڵێن: شتەکانی ئەم جیهانە پەیدابووە بە کەس، وە کۆنیشە بەجۆر"، منیش ئەڵێم: مەبەستی دکتۆر هەوواری لەسەر وتەکانی فەیلەسووفەکان ئەوەیە: کەوا ماددە کۆنەو لەگەڵ زاتی خوایە بوونی هەبووەو لەڕووی جۆرێتیەکەوە کۆنە، بەڵام خوودی شتەکانی نێو ئەم گەردوونە بە کەسەکان شوبهێنراوە، بۆ نموونە: خۆرو مانگ و هەموو شتەکانی نێو ئەم گەردوونە ناسنامەیەکی کەسێتی خۆیان هەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەی ماددیەتیانەوە ئەوە قەدیمە، ئێمەش لەسەرەتا ئەوەمان ڕەتکردەوە بۆیە لەگەڵ زاتی خوایە نە لە ڕووی و جۆرەوە وە نە لەڕووی کەسەوە هیچ یەکێکیان بوونیان نەبووە.

بڕوانە: (التهافت الفلاسفة للإمام الغزالي)(ل٦٨) طبعة المكتبة العصرية. وە ئەم لینکەش (مراحل نشأة الكون). http://mawdoo٣.com/%D٩%٨٥%D٨%١B%D٨%A٧%D٨%AD%D٩%٨٤_%D٩ %٨٦%D٨%B٤%D٨%A٣%D٨%A٩_%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٣%D٩%٨٨%D٩%٨٦ .

[٤] بڕوانە (نشوء التاريخ وحقيقة الخلق وأوهام الملحدين)(ل٧) هی نەبیل محمد حسن کەڕخی.

[٥] بڕوانە ئەم لینکە: http://www.hawking.org.uk/index.php/lectures/publiclectures/٦٢

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بێت ستیڤن هاوکینگ کتێبێکی لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٠زاینی) بە نێوی (دیزاینی مەزن) دەرکرد، ئەکرێ ئەمە هەوڵێك بوو بێت لە لایەن ئەوەوە بۆ چاککردنی ئەوەی کەوا خراپی کردووە سەبارەت بە موحیدەکان، وە وا گومانی ئەبرد کەوا گەردوون پێویستی بە دروستکار نیە، لەبەر ئەوەی ئەتوانێ لە نەبوونەوە خۆی بهێنێتە بوون، ئەمەش لە ماوەی بیردۆزی هەموو شتێك کە ناوی لێ ناوە بیردۆزی ئێم (Theory M).

جا لەگەڵ چاپکردنی کتێبەی بە تەنیا نەبووە هەرایەکی ڕاگەیاندنی گەورەو بەس بەڵکوو بابەتی کتێبەکە گەرمی مشتومڕی نێوان ئیماندارەکان و موحیدەکانی دووبارە کردەوە، لەبەر ئەوەی دانەرەکەی ناوبانگێکی جیهانی بەرفراوانی هەیە و بەشێکی گەورەی دەستکەوتووە ئەمەش بەهۆی نەخۆشیە ناوازەکەی کە گرفتاری پەککەوتنی جەستەیی بووەتەوە، وە بەهۆی ئەو نەخۆشیەی کە گرفتاری دەمارە ماسولکەییەکانی بووە کە بەهۆیەوە چەندین ساڵە ناتوانێت گوفتاریش بکات مەگەر بە ئامێرێکی کۆمپیوتەری نەبێت کە بۆیان دروستکردووە تاوەکوو بتوانێت قسە بکات، وە سەرەڕای ئەمەش یەکێکە لە گرینگترین زانا فیزیاییەکانی سەردەم، وە ئەتوانین ئەوە بڵێین کەوا هاوکینگ سەرکەوتنێکی مەزن و دیاری بەدەستهێنا لە کۆکردنەوەی گرینگیدان بە کتێبەکەی کە لەمەو پێشدا نەبووە ئەویش کتێبی(داروینی فیزیاییە)[٦] وا ئیمڕکە وەدەرکەوتووە.

---

[٦] خۆی کتێبێکی نیە بەو ناونیشانە، بەڵکوو مەبەستەکەمان ئەوەیە کەوا هاوکینگ لەسەر ڕێچکەی چاڕلس داروینە سەبارەت بە بیردۆزی پەرەسەندن، هەر بۆیەش بە دیوێکی ترەوە ویستوویەتی قسەکانی داروین سەربخات ئەویش بەڕێچکەی زانستی فیزیاوە. وەرگێڕ

## بیروباوەڕی کتێبەکەو پاڵنەرەکانی، وە تەماعکاری و فەلسەفەکەی

بەر لەمشتومڕکردن دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەی گرینگە ئێمە هەوڵبدەین لەوە تێبگەین کەوا ئەو پاڵنەرانە چی بوون کەوای لە هاوکینگ کرد ئەم کتێبە بنووسێ، هەروەکوو هاوکینگ لە کتێبەکەیدا ئەفەرمووێت: چۆن کەسێکی فیزیایی فەڕەنسی وەکوو لابلاس کە هەستی بە گەشانەوەو شانازی ئەکرد دوای ئەوەی کە چەندین یاسای فیزیای کلاسیکی دۆزیەوە، وە چۆن سەرکەوتنی بە دەستهێنا لە دیاریکردنی دیققەی کاتەکانی ڕۆژگیران و مانگ گیران و غەیری ئەمانەش لە دیاردە گەردوونیەکان، وە بە ناپلیۆن پۆناپەرتی وت: (گەردوون پێویستی بە دروستکار نیە)، ئەوەی لەم گەردوونە ڕووئەدات شتێکی ناچاری و حەتمیە کە پەیوەستە بە یاساکانەوە، بەڵکوو گەردوون بە گشتی پەیوەستە بەو یاسایانەوە کە پێی ئەگوترێت: (حەتمیە زانستیەکان)[٧].

---

[٧] ئایا خودا تۆ لێرەی؟ ئایا خودا بوونی هەیە؟ یاخود گەردوونی ماددی هەر بەم شێوەیە لە ئەزەلەوە بوونی هەبووە؟ تەنیا دوو ڕێگە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان ئەداتەوە

١ـ ڕێگای دینە لە ڕێی وەحی پێغەمبەرانەوە کە پەیامی خواییان بە گەلەکانی خۆیان گەیاندووەو ڕاستی بوونی ئەویان بەخەڵکی گوتووە، کە سەرچاوەی بوونی هەموو شتێکە لەم گەردوونەدا.

٢ـ ڕێگای عەقڵیە، ئەویش بەم شێوەیە:

هەر شتێك کە هاتبێتە بوون ئەوە هۆکارێکی خۆی هەبووە (واتە هۆکەرێکی خۆی هەبووە کە ئەوی بەدی هێناوە)، جا گەردوونیش لە نەبوونەوە بۆ بوون دەرچووە کەواتە ئەویش هۆکارێکی خۆی هەیە.

ئایا گریمانەیی یەکەم ڕاستە کە ئەڵێ: هەر شتێك کە هاتبێتە بوون ئەوە هۆکارێکی خۆی هەبووە؟

وەڵام:

باوەڕکردن بەوەی کەوا ئەکرێ شتێك بێتە بوون بەبێ هۆکار ئەمە وەکوو باوەڕکردنە بە سیحرو جادو، وە کەمترین شتیش لە سیحردا هەر نەبێ خۆ کڵاوو ساحیرەکە لە لاتن، جا ئەگەر بێت و لەوێدا شتێك بێتە بوون بەبێ هۆکار، کەواتە ئەی بۆچی ئێمە ئەم ڕوودانە لە هەموو کاتەکاندا نابینین؟

ئەزموونە ڕۆژانەییەکان و بەڵگە زانستیەکان گریمانەیی یەکەم پشتڕاست ئەکەنەوە کەوا ئەگەر هەر شتێك بێتە دەرەوە بۆ بوون بێگومان ئەبێ هۆکارێکی خۆی هەبێ.

بەڵام ئەی چی دەربارەی گریمانەیی دووەم کە هەمانە؟ ئایا گەردوون سەرەتای هەبووە یان بوونی هەر هەبووە؟

موڵحیدەکان ئەڵێن: گەردوون بوونی هەر هەبووە.

هەروەك بێرنارد ڕاسڵ ئەڵێ: "تەنیا گەردوون لەوێ هەبووە، ئەمەش هەموو شتێکە".

لێمان گەڕێن سەرەتا با چاوەڕێی یاسای دینامیکی گەرمی بکەین: هەواڵی ئەوەمان پێ ئەدا کەوا گەردوون بە شێوەیەکی لەسەرخۆ کار ئەکات، وە لەو وزەیەی کە هەیەتی ئەوەی پێویست بکات بەکاری ئەهێنێ ئەمەش خاڵێکی زۆر گرینگە، جا ئەگەر بێت و گەردوون هەر لە ئەزەلەوە بوونی هەبوایە ئەوکاتە ئەو وزەیەی کە هەیبوو تەواو ببوو، وە گشتی بەکارهێنابوو لە پێش ئێستادا.

یاسای دووەم ئەوەمان پێ ئەڵێ: کەوا گەردوون سەرەتایەکی دیاریکراوی هەیە، وە زنجیرە دۆزینەوە زانستیە ناوازەکانیش ئەمە پشتڕاست ئەکەنەوە، لەساڵی ١٩١٥زاینی ئەلبێرت ئەنیشتاین بیردۆزی ڕێژەیی گشتی پێشکەش کرد، وە ڕێگەی بە ئێمەدا بۆ یەکەمجار کەوا قسە دەربارەی مێژووی ڕابووردوو لە گەردووندا بکەین، ئینجا دوای ئەو ئەلیکسەندەر فریدمان و جۆرج لیمیترە هەردووکیان کاریان لەسەر هاوکێشەکانی ئەنیشتاین کرد، جا ئەوەیان دەرخست کەوا گەردوون لە باری فراوانبووندایە.

ئینجا لە ساڵی ١٩٢٩ زاینی ئیدوین هابڵ توانی قیاسی گۆڕانی سوّر لە ڕووناکی گەلەئەستێرە دوورەکاندا بکات، جا ئەم دۆزینەوە زانستیانە بە تەنیا فراوانبوونی گەردوونیان پشتڕاست نەکردەوە بەڵکوو بۆ هاتنە کایەوەی لە بووندا لە خاڵێکی ڕابووردووی دیاریکراویشدا دەرچووە، وە لەگەڵ ئەمەشدا هەموویان سەرسام نەبوون بە بیرۆکەی ئەوەی کەوا گەردوون سەرەتای هەیە، وە جگە لە کاتێکی کەم هێندە تێنەپەڕی پێش بە دیارکەوتنی بیردۆزەکانی (بەدیل) لەجێ دانان کەچی ئەمانەش دۆڕان لە وەستانیان لەبەردەم تاقی کردنەوەکاندا.

وە لەم دواییانەی ساڵی ٢٠٠٣ دا سێ لە زانا گەردوونناسەکان ئارڤیند بۆردو ئالان گوث و ئەلیکسەندەر ڤیلێکین ئەمەیان سەلماند کەوا هەموو گەردوونێك لە نێوەندیدا بە درێژایی کاتەکەی فراوان ئەبێت، هەر بۆیەش ناکرێ ئەزەلی بێت، وە بێگومان ئەبێت سەرەتایەکی ڕەهاشی هەبێت.

وە ئەلیکسەندەر ڤیلێکین ئەفەرمووێت: "بیردۆزی فرەگەردوونیەکانیش پێشکەش کرا جا ئەگەر بێت و ئەمە شتێکی ڕاستبوایە ئەوە بوونی ئەبوو (واتە: فراوانی بوون ئەوانیشی ئەگرتەوە)، ئەمە مانای وایە کەوا زاناکان توانای شاردنەوەی دواوەی ئەزەلیەتی گەردوونیان نیە، وە لەوێدا هیچ شوێنێکیان دەست ناکەوێت بۆ ڕووبەڕوونەوەی کێشە سەرەتاییەکانی گەردوون".

هەموو نموونەیەکی گونجاو پێویستە سەرەتایەکی هەبێت بە تەواوی وەکوو نموونەی قیاسی، کەواتە ئەو دوو بەڵگەیەی کەوا دامانناا ڕاستن، ئەمە مانای وایە بەڵگەی سێیەمیش ڕاستە کەوا گەردوون هۆکارێکی هەیە.

وە هەروەها ناشکرێ گەردوون خۆی هۆکاری خۆی بێت (واتە خۆی بەدیهێنەری خۆی بێت)، چونکە وا پێویست ئەکات کەوا کێشەکەی لە دواوەی گەردوون و کاتدا بێت، وە وا پێویست ئەکات کەوا ئەو زاتە بەبێ بۆشایی بێت، وە ئەزەلی و نەمر بێت، وە مادده نەبێت، وە بوونیشی پێویست بێت، وە بەهێز بێ و خەیاڵی هێزەکەشی ناکرێت، ئەزانن ئەم زاتە کێیە؟ ئەوە خوای پەروەردگارە کە ناوی الله یە جل جلاله.

بڕوانە ئەم لینکە: Proof of the existence of God in four minutes (cosmic argument). إثبات وجود الله في أربعة دقائق (بحجة الكونية).

**بەڵام لە ڕاستیدا دۆزینەوە زانستیەکان بەرەو پێش چوون و جیهانی گەردیلە بەدەرکەوت کە شەپۆلەکان ڕەفتار ئەکەن وەکوو تەنچۆکەکان، وە تەنچۆکەکانیش ڕەفتار ئەکەن وەکوو شەپۆلەکان، ئالێرەوە فیزیای کلاسیکی بەرەو داڕمان ڕۆیشت، وە بێ دەسەڵاتی خۆیشی نیشاندا، وە بیردۆزی کوانتۆمی میکانیکی (Quantum Mechanics)[8] بەدەرکەوت بۆ ڕاڤەکردنی جیهانی گەردیلە، وە**

---

https://www.youtube.com/watch?time_continue=٧&v=_wxUAxTp٨QE

[8] بیردۆزی میکانیکی کەم کە بە کوانتۆم میکانیکیس بەناوبانگە: بریتی یە لە کۆمەڵێك بیردۆزی فیزیایی کە لە سەدەی بیستەمدا بەدەرکەوت، تاوەکوو ڕاڤەی ئەو دیاردانەمان بۆ بکات کە لە ئێمەوە دیارنیە ئەمەش لەسەر ئاستی گەردیلەیی و تەنۆچکەکانی نێو گەردیلەکان، وە تایبەتمەندێتی تەنچۆکەو تایبەتمەندێتی شەپۆلیان تێکەڵ بەیەکتری کرد بۆ ئەوەی زاراوەی یەکانگیری شەپۆل و تەنۆچکە بەدەربخرێت، ئیتر لەمەوە میکانیکی کەم بەرپرسیارە لە ڕاڤەکردنە فیزیاییەکان بۆ دیاردەکانی بوون، وە ئەم بیردۆزە گشتگیر ترە لە میکانیکی کلاسیکی چونکە ئەکرێ جێ بەجێ بکرێ لەسەر هەردوو ئاستی گەردیلەیی و عادی، وە ناونانیشی بەکەم واتە کوانتۆم ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ گرینگیەتی ئەو بڕەی کە دروستی ئەکات، وە کوانتۆم یاخود کەم یاخود بڕ زاراوەیەکی فیزیاییە کە بۆ وەصفکردنی کەمترین بڕی وزە بەکارئەهێنرێت کە ئەکرێت ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت لە نێوان تەنۆچکەکان، وە بۆ ئیشارەی بڕەکانی وزەی دیاری کراویش بەکار ئەهێنرێت کە ئیشارەتەکانی ئەنێرێت بەشێوەیەکی پچڕ نەك بەشێوەیەکی بەردەوام، وە بەناوبانگترین ئەو زانایانەش کە پشکیان هەبووە لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئەو بیردۆزە ئەوانەن (ماکس بلانك، نیلس بۆر، ئەنیشتاین، ئارنۆلد سۆمەر فیلد، ساتێندرا ناث بوز، ڕیس جوست، هێندریك ئانتۆنی کرامەرز، هایزنبێرگ، ماکس بۆرن، باسکواڵ جۆردان، ۆلف گانگ پاولی، پۆڵ ئادریان مۆریس دیراك، لویس ڤیکتۆر دیبرۆگلی، ئێرڤین شرۆدینگەر، جۆن فۆن نیومان، ویجین پۆڵ ویگنەر، ڕیچارد فلیپس فاینمان، جۆن کاندلی، دێڤید بوم، هیو ئێڤەرتی سێیەم، جۆن ستیوارت بیلێ، ڤیلهێم ڤین). ئەی تەنۆچکەکان چین؟ ئەو تەنۆچکە زۆر وردانەن کە لەناوەوەی گەردیلەدان و بونیەی ناوەوەیان ناکرێت قیاس بکرێت، بەو هەژمارەی کە زانا فیزیاییەکان کردوویانە لەمانە بچوکتر نیە، وە کیانێکی جێگریشی هەیە، تەنۆچکە سەرەتاییەکانیش ئەمانەن: پڕۆتۆن و نیوترۆن کە بە دوو تەنۆچکەی سەرەتایی هەژمار ئەکرێن ئەوانیش لە سێ جۆری کوارکەکان پێك هاتوون، وە ئەو تەنۆچکانەش کە ئەدرێنە پاڵ فیرمیۆناتەکان کە خولانەوەیەکی تەشێیی نیوە صەحیحیان هەیە=١/٢ ئەمانەن: ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆن و میزۆنە، وە دژە ئەمانەش بوزیترۆن و دژە پرۆتۆن و دژە نیوترۆن و دژە میزۆن و غەیری ئەمانەشە. بەڵام ئەو تەنۆچکانەی کە ئەدرێنە پاڵ بۆزۆناتەکان کە خولانەوەیەکی تەشێیی صەحیحیان هەیە= صفر یان ١ ئەوانەن: فۆتۆن و جلون و بۆزۆناتە گوێزەرەوە هێزە نەووەیە بێ هێزەکان وەکوو بۆزۆنی W، وە بۆزۆنی Z، وە بڕواشیان وایە بۆزۆنێکی تریش هەیە کە بۆزۆنی هێگزە یاخود گرافیتۆنە. ئەمە جیهانی گەردیلە بوو، وە جگە لەمانەش چەندین تەنۆچکەی تری تێدایە، جا زاناکانی ئەو بوارە لەمانەیان کۆڵیوەتەوە کە ئایا ئەو تەنۆچکانە وەکوو شەپۆل کار ئەکەن یاخود وەکوو تەنۆچکە، بۆ نموونە کە بەردێك ئەخەیتە نێو ئاوەوە لەو شوێنەی کە بەردەکەی

ژێرئەکەوێ بەدەوری خۆیدا چەندین شەپۆلی لەراوە لە کورتەوە بۆ درێژ دروست ئەکات، وە بەهەمان شێوە دەستیشت بخەرە نێویەوە بەهەمان شێوە ئەم دیاردەیە ئەبینی، وە ئەگەر بێت بەربەستێك لەبەردەم شەپۆلی ئاوەکە هەبێت وە لەو دیوی بەربەستەکەوەش ئاو هەبێت تێبینی ئەوە ئەکرێت بەشێك لەو شەپۆلانە لەو دیوی بەربەستەکەوەش ئەلەرنەوەو شەپۆل ئەدەن، ئیتر ئەم زانایانەش بە دەیان کرداری بیرکاری و فیزیایی توانیویانە ئەندازەی ئەو برِە شەپۆلانە دیاری بکەن، وە ئەوەشیان بۆ وەدەرکەوت هەندێك جار وەکوو تەنۆچکە کارئەکەن وە هەندێك جاریش وەکوو شەپۆل، وە بەهەمان شێوە تاقی کردنەوەیان لەسەر رِەنگەکان و گۆرِینی شێوازی رِەنگەکانیان کرد، وە تاقی کردنەوەیان لەسەر رِووناکیش کرد ئەو فۆتۆناتانەی کە لە رِووناکیەکەوە دەرئەچێت ئایا چۆن ئەم دیاردەیە رِوو ئەدات، وە چۆن ئەستێرەکان و ئەو شتانەی کە لەنێو ئاسمانەکاندایە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، گەر بەنموونەیەك بۆت رِوون بکەمەوە لەوانەیە زیاتر تێبگەیت: دەست کێشت هەیە کە رِاستەو چەپەیە، تۆش هەڵئەستی تاکێك لەو دەستکێشە ئەبەیتە شارێکی ترو لەوێ بەجێی ئەهێڵی، وە خۆشت ئەگەرِێیتەوە شوێنی خۆت، ئیتر ئەزانی دانەیەك لەوێیەو دانەیەکیش لەلای تۆیە، جا هەموو تەنۆچکەکان و گەردیلەکان بەدەورەیەکی خولاوە بەم شێوازە پەیوەندیان بەیەکتریەوە هەیە ئەگەرچی زۆریش لێك دوور بن هەروەکوو زانای بیرکاری نیلس بۆری بەرِیتانی هەمان بۆچوونی هەیە، بەڵام ئەنیشتاین پێی وایە کەوا ئەو پەیوەندیە لەنێوانیان نیە بەڵکوو خولاوەیەکی دیاری کراوی هەیەو شتەکان برِیاریان لەسەر دراوە بەر لەوەی سەیریان بکەیت، بەڵام جۆن کلاوزەرو هەندێك لەزاناکانی تر رِاستی بۆچوونەکەی نیلس بۆریان بۆ وەدەرکەوت لەرِێی تاقیکردنەوەکانیان کە بۆیان دەرکەوت پەیوەندیەك لەنێوان گەردیلەکاندا بوونی هەیە کە زۆر خێراترە لە خێرایی لە رِووناکی. لەوانەیە کەسێك بڵێ باشە ئەوە چ سوودێکی هەیە بیزانین یان نەیزانین؟ ئێمەش ئەڵێین ئەمە گەورەترین شۆرِشی فیزیایی بوو بۆ ئەوەی بتوانێ رِاڤەی چۆنیەتی کاری گەردیلەو تەنۆچکەکانمان بۆ بکات بۆ دیاردەکانی بوون، وە لە رِێی ئەم بیردۆزەوە بیر لەوە کراوەتەوە کەوا چۆن مرۆڤ نەقڵ بکرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەمەش فەنا کردنی ئەو کەسە لەناو ئامێرك دواتر لە ئامێرێکی تر بێتەوە بوون، لە ئێستاکەدا تەنها توانیویانە لەمەودای چەند مەترێك تیشك نەقڵ بکەن و وە سەرکەوتووش بوونە بەڵام بۆ نەقڵی مرۆڤ و شتەکانی تر رِەنگە دوای چەندین ساڵی داهاتوو سەرکەوتوو بن، تۆ بیر لە نەقڵی کۆشکی بەڵقیس بکەوە لەلایەن ئاسەفی کورِی بەرخیاوە کە وەزیری حەزرەتی سولەیمان بوو لەسەر داوای حەزرەتی سلێمان کە بە ئەندازەی چاو تروکانێك کۆشکەکەی لەبەردەم ئامادەبوو، جا بەگوێرەی بیردۆزی میکانیکی کەم گەردیلەکان بەردەوام لەناو ئەچن و پەیدا ئەبن واتە زەمەنی لەناو چونیان یەکسانە بەزەمەنی پەیدابوونیان، واتە: ئێمەو گشت بوونەوەرانی گەردوون لە هەمان کاتدا مردووین وە لەهەمان کاتیشدا زیندووین، چونکە مادده بەردەوام دەمرێت و دروست ئەبێت، بەڵام خێراییەکەی لەسەرووی ژیریی مرۆڤەوەیە، هەربۆیەش ئەو کۆشکەی بەلقیس بەرەو عەدەم رِۆیشت هەمان کۆشك نیە بەڵام زەمەنی دروست بوونەکەی کە کۆشکێکی ترە یەکسانە بە زەمەنی فەنابوونەکەی، جا پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە گەر بۆ ساتێك وەنەوز بیگرێ ئەوە گەردوون ئەچێتەوە عەدەم وەك بڵێی هەر نەبووبێ، هەربۆیەش خوای گەورە (قیوم) واتە: رِاگیرە. وە هەروەها زانستی کەیۆسیش هەر پەیوەندی بەم بیردۆزەوە هەیە کە پێی وایە بۆ نموونە پەپوولەیەك لە یەکێك لە دارستانەکانی بەرِازیل یاخود شوێنێکی تر ئەفرِێ و بەهۆی لێکدانی پەرِەکانیەوە ئەکرێ بومەلەرزەو لافاوێك لە یەکێك لە شارەکانی ئەمریکا دروست بکات، وە داریۆنیزمیە مولحیدەکانیش ئەیانەوێ لە رِێی ئەم بیردۆزەوە بیرۆکەی

**ئەوەش ڕوون بوویەوە کەوا لێرەدا ئەندازەیەك لە نەبوونی یەقین هەیە سەبارەت بە یاساکان بە بەردەوامی، هەر بۆیەش ئەو یاسایانە (إحتمالية) واتە: (ئەشێ و ئەگونجێ) نەك حەتمی بن[9]، وە لە هەمان کاتیشدا ئەلبێرت ئەنیشتاین بونیادی بیردۆزەکەی**

---

فەوزای گەردوون و هەڵبژاردنی سرووشتی بە دیدێکی نوێوە پێشکەش بەخەڵکی بکەن بۆیە ئاگاداربن، نیلس بۆر ئەفەرموویێت: "هەرکەسێك بیردۆزی میکانیکی کەم سەرسامی نەکات ئەوە لێی تێنەگەیشتووە"، بۆیە خۆشەویستەکەم بیردۆزێکی زۆر موعەققەدە وا بەئاسانی لێی تێناگەیت، ئەبێ دیراسەیەکی چاکی بکەیت، منیش ئەوەندەم بۆ نوسیون دوای سەیرکردنی دەیان فیلمی دۆکۆمێنتاری لەسەر ئەم بیردۆزە ئینجا توانیومە بەم کەم زانستیەم شتێکی کەم لەم بارەیەوە بنووسم.

بڕوانە:https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٩٪٨٥٪D٩٪A٩%D٨٪٨٣٪D٨٪A٧٪D٩٪ ٨٥٪٩D٪٨٣٪٩D٪٨٤٪٩D٪٧A٪٨_%D٧A٪٨D٪٨٣٪٩A%D٨٪٩D٪٨٦ میکانیکا الکم. وە (الكون والعدم لدكتور محمد باسل الگائی)(ل٤٩). وە بنية الكون _ میکانیکا الکم https://www.youtube.com/watch?v=KYUR٩x٠tzLQ

[9] بۆ نموونە: ٢+٢=٤ ئەمە شتێکی حەتمیە لە دونیاو دوارۆژدا، بەڵام سوتانی ئاگرو گەرمی خۆرو وێنەی ئەمانەش یاساکانیان گشتی ئیحتیمالین ئەکرێ یاساکە بگۆڕێ، بۆ نموونە نەسووتانی حەزرەتی ئیبراهیم لە نێو ئاگردا بەبێ ئەوەی هیچ دژە سوتانێکیشی لەبەر بووبێت، وە هەروەها ئێمە زانیومانە ئاو لە نێو چیاکان و ناخی زەویدا دێتە دەرەوە بەڵام دەرچوونی لە نێو پەنجە پیرۆزەکانی سەروەرمان وەك کانی ئەمە گۆڕانی یاساکەیەتی، وە هەروەها دەرچوونی حوشترەکەی صالح پێغەمبەر (عليه السلام) لە نێو بەردەکەو گۆڕانی عەصاکەی موسا بە مارو وێنەی ئەمانیش لە شتە عادەت بەدەرەکان گشتی ئیحتیمالی ئەو یاسایانەمان بۆ ئەسەلمێنێت، وە هەروەها زانراوە کە ئێمەی مرۆڤ لەسەر زەوی هاتووچۆ ئەکەین جا ئەکرێ دروستکراوانێکی تر لە هەسارەکانی تری گەردوون هەبن و ئەوان لە هەوادا هاتوو چۆ بکەن بەبێ هیچ ئامێرێك، جا ئەگەر بێت و کەسانێك لەوان بێنە سەر زەوی ئێمە ببینن بەم شێوەیە ئەوە سەرسام ئەبن چۆن ئەمانە لەسەر زەوی ئەڕۆن، وە ئەگەر بێت و ئێمەش بڕۆینە شوێنی ئەوان بەهەمان شێوە سەرسام ئەبین چۆن ئەتوانن بەبێ هیچ هۆکارێك وەکوو فڕۆکەو وێنەی فڕۆکەش لە هەوایە هاتووچۆ بکەن. وە من باسی جنۆکەو فریشتە ناکەم کە بەبێ هیچ هۆکارێك لە زەوی و هەوادا هاتووچۆ ئەکەن، چونکە ئەمە لە دیدگای ئەدیانەکانەوە هاتووە هەر بۆیەش ئێمە دینیەن لێرەدا نایکەینە بەڵگە بۆ باسەکەمان. وە هەروەها ئەم لینکانە داگرەو سەیریکە بزانە ئەم پیاوەو دەیان کەسانی تریش وەکوو ئەو کە خۆڵ ئەخۆن هەروەکوو ئەوەی کە نان ئەخۆن و هیچیشیان لێ بەسەر نایەت، وە هەروەها میشێل لۆتیتۆ کە پیاوێکی فەرەنسیە لە دایك بووی ١٩٥٠زاینیە، ئەم پیاوە هەموو شتێك ئەخوات جگە لە هێلکەو مۆز نەبێت ئەمەش لەبەر ئەوەی دووچاری نەخۆشی ئەکات، کەسێکی بەدەر لەعادەتە ئەتوانێ ئاسن و شوشەو پلاستیك و چەندین شتی غەریبی تر بخوات، جا ئەگەر یاساکان حەتمی بان ئەو کاتە ئەمانە هەر زوو تووشی کارەسات ئەبوون، وە زاناکان سەرسام و بێ دەسەڵاتن لەوەی کەوا ئەم حاڵەتانە ڕاڤە بکەن بۆ خەڵکی. چونکە ئەگەر یاساکان حەتمی و نەگۆڕ بوونایە ئەو کاتە لەگەڵ خواردنی خۆڵ و ئاسن و شتەکانی تر


خۆی دانا بۆ زانستی جوڵەی نوێ کە هەڵئەستێ بە تێکهەڵکێشکردنی کات و شوێن و ڕێژەیی بوونیان[10]، کە دژایەتی کوانتۆمی میکانیکی ئەکرد لە جیهانی گەردیلەدا،


---

جگە لە خۆراك یەکسەر دووچاری مردن یاخود نەخۆشی ئەبوون، بەڵام من وا ئەبینم ستیڤن هاوکینگ و پەیڕەوانی ئەویش هەم خۆیان هەڵخەڵەتاندووە هەمیش خەڵکی، ئەمان چۆن لەو ئاستە زانستیە توانیویانە یاسای حەتمی بۆ زانست دابنێن، خۆشەویستەکەم هەر بۆیەش بە درۆی ئەو زانا فیزیاییە موڵحیدانە خۆت گومڕا مەکە کە پێیان وایە یاسایەکی نەگۆڕی فیزیایی لە نێو ماددەکاندا هەیەو خۆی خۆی بەڕێوە ئەبات، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە دروستکەری ماددەو یاساکانەو گۆڕان بەسەر ماددەکان و یاساکاندا ئەهێنێ، تەنها زاتێك لەم گەردوونە هەیە کە حەتمی و ڕەهایە ئەویش خوای پەروەردگارە، کە دانەری یاساکانە. وە هەروەها دکتۆر محمد باسل طائی ئەفەرمووێت: "یاساکانی گەردوون واجیب و پێویست نین بەڵکوو گشتی ئیحتیمالیە، هەروەکوو لە بیردۆزی کوانتۆم میکانیکی ئەوە سەلمێنراوە کەوا ئەکرێ ئەم یاسایانە بگۆڕدرێن". بڕوانە: mwM٥https://www.youtube.com/watch?v=kl_FHEA الطبيعيات في علم الكلام. QENtYGLzhg١https://www.youtube.com/watch?v= (يأكل التراب)، QENtYGLzhg١https://www.youtube.com/watch?v= (الرجل الذي يأكل كل شيء).

[10] بیردۆزی ڕێژەیی: یەکێکە لە بەناوبانگترین بیردۆزەکانی سەدەی نوێ کە پەرەی پێدرا لەلایەن زانای ئەڵمانی ئەلبێرت ئەنیشتانەوە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم، وە دوو جۆر بیردۆزی ڕێژەیی هەیە: بیردۆزی ڕێژەیی تایبەت، وە بیردۆزی ڕێژەیی گشتی، هەردووکیان پشت بە ڕێژەیی بوون ئەبەستن هەروەکوو گالیلۆ گالیلی داینا لەساڵی ١٦٣٦زایینی. ئەنیشتاین توانی لەساڵی ١٩٠٥ زایینی ئەو بیردۆزە ڕابگەیێنێ کە توانی ئەو چەمك و یاسایانەی کە نیوتن داینابوو بۆ خێرایی و ڕووناکی و بارستەو وزەو هێزی ڕاکێشان ئەم بە یاسایەکی نوێوە خزمەتی مرۆڤایەتی بکات، پوختەی بیردۆزی ڕێژەیی تایبەت باس لە بارستەو وزەو خێرایی ڕووناکی و کات و شوێن ئەکات، بۆ نموونە تۆ لەنێو پاسێکدای بۆ خۆت دانیشتووی، ئیتر پاسەکە ئەڕوات بەخێرایی خۆی لە کاتێکدا تۆش دانیشتووی، جا خێرایی پاسەکە ڕێژەییەو تایبەتە بەخودی پاسەکە، وە خێرایی تۆش کە دانیشتووی ڕێژەییە تایبەتە بەخۆت، وە توانی خێرایی ڕووناکی بدۆزێتەوە کە ٣٠٠,٠٠ کیلۆمەتر لە چرکەیە، وە ئەنیشتاین ئەیگوت لەوە خێراترمان نیە لەگەردوون، بەڵام قسەکەی هەڵە دەرچوو لەم ساڵانەی دوایی زانا فیزیاییەکان توانیان خێرایی تەنۆچکەیەك بدۆزنەوە کە ٦ کیلۆمەتر جیاوازی لەگەڵ خێرایی ڕووناکی هەیە، ئەمەش هەڵسان بە ناردنی ١٥هەزار نیوترینۆ لەسەنتەری سیرین لە سویسڕا بۆ تاقیگەی گران ساسو نزیك پایتەختی ڕۆمای ئیتاڵیا، بەمەش وای لە زاناکان کرد کەوا دووبارە بەیاسای خێرایی دابچنەوە، وە من پێم وایە لەوەش خێراتر هەیە چونکە گشتی ڕێژەییە، تەنها خوا ڕەهایە هەربۆیەش لەخۆت بۆخۆت نزیکترە. وە تۆش بە دووریەکی ڕەها لەو دووریت. وە ناوەڕۆکی بیردۆزی ڕێژەییش ئەوەیە کەوا هەرکاتێك خێرایی زیادی کرد ئەوە کات هێواش ئەبێتەوە، وە ئەنیشتاین ئەوەی بەخەڵك ڕاگەیاند کەوا کات بوعدو لای چوارەمە واتە پەیوەستە بە شوێنەوە کە ناویان ناوە بە (زمکان) منیش لە کوردیەکەیدا ئەوەم لە بەرامبەری داناوە وەکوو کورتکراوەی (زمکان)، (کاشوێن) واتە: کات و شوێن. وە سەبارەت بە بیردۆزی ڕێژەیی گشتیش ئەنیشتاین پێی وایە کەوا هەموو شتەکانی گەردوون هەر یەکەیان لەناو تۆڕێکی ڕاکێشەردانەبەم شێوەیە هەروەکوو لەم وێنەدا

دیاره



ئیتر لەمەوە گشت شتەکانی گەردوون کات و شوێنیان ڕێژەییەو بە هێزێکی ڕاکێشەر لە شوێنی خۆیان جێگیر بوونە، هەر بەم پێیەش هەر یەکێك لەمانە ئاڕاستەیەکی ڕێژەیی هەیە بۆ نموونە زەوی خۆمان کە ئێمەی تیا ئەژین گەر بەنموونە وەریبگرین خڕە بە کۆی زاناکانی کۆن و نوێوە تەنها کەمێك لە زاناکان نەبێت ئەوانیش وەکوو پووشی سەر ئاو وان و ئیعتیبار بۆ قسەکانیان ناکرێت چونکە لەسەر بنەمایەکی زانستی قسەکانیان دانرێشتووە، جا ئەگەر بێت و کەسێك لە جەمسەری باکوور بێت ئاڕاستەو هێزو بارستەو خێرایی شوێنی ئەو ڕێژەییە، بۆ نموونە ئەو لەو کاتەدا ئاسمانی لێوە دیارە بەشێوازێك بە ئاڕاستەی خۆی ئەم ئاڕاستەی ئەو تایبەتە بەخۆی کە ئاسمان بەرەو سەرەوەیەتی وە لەهەمان کاتیشدا جەمسەری باشوور کەوتووەتە ژێریەوە، ئیتر بیر لەوە بکەوە ئەوەی لە جەمسەری باشوریشە بەهەمان شێوەی کەسی جەمسەری باکوورەکەیە. هەر بۆیەش ئاگاداربە خوای گەورە خاڵیە لە کات و شوێن وە ئاڕاستەشی بۆ دانانرێت چونکە ڕەهایە نەك ڕێژەیی بێت وەکوو بوونەوەرانی، هەر بۆیەش کە لە فەرموودەدا هاتووە خوای گەورە هەموو شەوێ: دائەبەزێتە ئاسمانی دونیا ئەمە بە پێی بیردۆزی ڕێژەیی ئەنیشتاین، وە بە پێی بیردۆزی میکانی کەم، وە بە پێی دەقەکانی قورئان و زانست و مەنتقدا پووچەڵە چونکە کە تۆ ئەڵێیت دێتە ئاسمانی دونیا بەشەو، بۆ نموونە: شەو بەسەر ڕۆژهەڵات هات خوا دابەزیە ئاسمان ئەی بەشی ئەو وڵاتانەی کە هێشتان خۆر ئاوانەبووەو ڕۆژە؟ وە تۆ کە ئەڵێی دائەبەزێ ئەو کاتە کات و شوێن و هاتنە نێوی خوای گەورەت بۆ نێو بوونەورانت بڕیار داوە، وە خوای گەورەشت کردە یاسایەکی ڕێژەیی کە کات و شوێن بیگرێتەوە، وە لەکاتێکیشدا خوای بەر لە دروست کردنی کات و شوێن هەر هەبووەو خاڵی بووە لێیان، وە ئەگەر پێویستی بەکات و شوێن هەبێت یاخود پێویستی بەوە هەبێت لەسەر عەرش دانیشتبێت ئەوە خوا نیە چونکە بێ دەسەڵاتە لە ڕەهایەتی خۆی، هەر بۆیەش زاناکانی هەر سێ مەزهەبەکە بە ئەشعەری و ماتۆرێدیەکانەوە بگرە جگە لە حەنبەلیە بیر وشکەکان نەبێ پێیان وایە خوای گەورە بێ کات و شوێن و لاشەو جیسمە، چونکە لەو دیوی خەیاڵە ئیتر چۆن ئەتوانرێ خەیاڵ و ئەندێشەی بۆ بکرێت، وە ئەگەر بشگوترێ ئەو دابەزینە لەخۆی بوەشێتەوە، ئەمەش ڕێژەییە سەد دەر سەد چونکە لەسەرەوە باسمان کرد ڕێژەیی بوون چیە، ئەم بابەتە إن شاو الله هەوڵئەدەم لە پەیامێکی سەربەخۆ بوونی زاتی خوا فیزیایی و شەرعی باسی لێوە بکەم، وە من تێبینیەکیشم لەسەر وتەکانی ئەنیشتاین هەیە، ئەو ئەڵێ لە ناو تۆڕێکی ڕاکێشەردایە بەگوێرەی بارستەکەی ئەو تۆڕە ئەچێتە خوارەوە وەك لە وێنەکەدا دیارە، ئەمە گەر بیری لێ بکرێتەوە هەڵەیە، چونکە ئەو لایەی کە کەوتووەتە نێو تۆڕەکە کە هێزی ڕاکێشەرەکەیە ئەو کاتە هیچ شتێك لەسەری نابێت چونکە هێزی نیە تا ڕای بکێشێت، بۆ نموونە گەر کەسێك لەم دیوی تۆڕەکەوە بێت، بەڵکوو ئەوەی ڕاستی بێت هێزێکی ڕاکێشان لە هەموو لاکانیەوە ڕاگیری کردووە بێ ئەوەی بڵێین لایەکی کەوتووەتە نێو هێزی ڕاکێشانەکەوە، چونکە لە ساڵی ٢٠١٦ توانیان هێزی ڕاکێشان ببینن لە نێوان دوو تەنندا، وە ئەوەش بزانە


ئیمامی غەزالی بەر لە ئەنیشتاینیش باسی بوعدی چوارەمی کردیە کە پەیوەستە بە کات و شوێنەوە، ئێمە ناڵێین ئەنیشتاین لەوی دزیوە بەڵکوو ئەڵێین ئێمەی موسڵمانان بەر لە ئەو باسی بیردۆزی ڕێژەییمان کردووە بەڵام کەسێکمان نەبووە پەی بەو بیردۆزە ببات و هاوکێشەیی بیرکاری و فیزیایی بۆ دابنێت، ئیمامی غەزالی لە بارەی پووچەڵکردنەوەی هەبوونی مادده بەر لە دروست بوونی گەردوون و دەرەوەی گەردوون ئەفەرمووێت: "خوای گەورە هەبوو لە کاتێکدا جیهان نەبوو، وە ئەو وتەیەی ئێمەش ڕاست دەرئەچێ چ مەبەستمان پێی عەدەمی یەکەم بێت یاخود عەدەمی دووەم بێت کە لە دوای وجودیایە، وە نیشانەی ئەوە نیسبەت و درانە پاڵە، کەوا خودی داهاتوو ئەکرێ ببێتە ڕابوردوو بە لەفزی ڕابوردوو مانا بکرێت، جا هەموو ئەمانەش لەبەر بێ دەسەلاتی وەهم و ئەندێشە لە تێگەیشتن لە وجودی دەست پێکراو مەگەر لەگەڵ ئەندازە دانان بۆ پێش ئەو، جا ئەم پێشە کە وەهم و ئەندێشە لێی جیا نابێتەوە، وا گومان ئەبەین کەوا شتێکی تەحقیقکراوەو بوونی هەیە کە زەمەن و کاتە، ئەمەش وەکوو بێ دەسەلاتی وەهم وایە کەوا ئەندازەی کۆتایی هاتنی جیسم و لاشەکان بکات ئەوەی کە لە دوای سەرەوە دێت بۆ نموونە لەسەر هەر ڕوو بانێکدا ئەوە سەرەوەیەکی تر هەیە، ئیتر لەمەوە ئەندێشەی ئەوە ئەکات کەوا لە دواوەی جیهان یاخود گەردوون شوێن هەیە، یان پڕە یانیش بەتاڵەو خاڵیە، وە ئەگەر بشگوترێ: لەسەر ڕوو بانی ئەم جیهانەدا سەرەوەیەکی تر بوونی نیە، وە هیچ بوعدو دووریەکیش لەو دوور تر نیە، ئەوە وەهم و ئەندێشە ترسنۆك و تۆقیوە لەوەی کەوا ملکەچی بێ و قەبوڵی بکات، هەروەکوو ئەوەی بشگوترێ: لە پێش وجودی جیهاندا پێش نەبووە کە ئەمەش وجودێکی تەحقیقکراوە، ئیتر دووبارە وەهم و ئەندێشە ڕائەکات لە قەبوڵکردنی، وە هەروەها دروستە کەوا وەهم و ئەندێشە درۆ بکات لە ئەندازە دانان لەوەی کەوا لەسەر ئەم جیهانەدا بۆشایی و بەتاڵی هەیە، کە بوعدو دووریەکە هەرگیز کۆتایی پێ نایێت، بەوەی کەوا بگوترێت: بۆشایی هەیە کەچی غەیرە مەفهوومە لە خودی خۆیدا (واتە ڕوون و ئاشکرا نیە لە خودی خۆیدا بەڵکوو نازانرێت چیەو تێنەگەیشتراوە)، بەڵام هەرچی بوعدو دووریە ئەوە شوێنکەوتەی جیسم و لاشەکانە کە جەمسەرەکانیان لە یەکتریەوە دوور ئەکەوێتەوە، جا ئەگەر بێت و جیسم ولاشە کۆتایی پێ هێنراو بێت ئەو کاتە بوعدو دووریەکەش شوێنکەوتووی ئەو دەبێت و کۆتایی پێ دێت (الله أكبر، وەك بڵێی دیراسەی بیردۆزی ڕێژەیی کردبێت، ئەمە چ عەقڵێك بووە)، ئیتر لەمەوە بۆشایی پڕایەتی ئەپچڕێت و تێنەگەیشتراو غەیرە مەفهووم دەبێت، هەر بۆیەش ئەوە سەلمێنرا کەوا لە دواوەی ئەم جیهانەدا نەبۆشایی هەیە وە نە پڕایەتی، ئەگەرچی وەهم و ئەندێشە گوێڕایەڵی ناکات بۆ قبوڵکردنی، وە بەهەمان شێوە ئەگوترێ: هەروەکوو چۆن بوعدو دووری جێگایی شوێنکەوتەی جیسم و لاشەیە، ئیتر بوعدو دووری زەمەن و کاتیش شوێنکەوتەی جوڵەو حەرەکەیە، چونکە درێژبوونەوەی جوڵەیە، وە بەهەمان شێوە درێژبوونەوەی جەمسەرەکانی جیسم و لاشەیە، جا هەروەکووکردنە بەڵگەیی بوون لەسەر کۆتایی هاتنی جەمسەرەکانی جیسم و لاشەکان ڕێگرە لە سەلماندنی بوعدو دووری جێگایی لە دواوەوەی، ئیتر کردنە بەڵگەیی بوون لەسەر کۆتایی هاتنی جوڵە لە هەردوو لاکەیەوە ڕێگرە لە ئەنداوە دانانی بوعدو دووری کاتی لە دواوەوەی، ئەگەرچی وەهم و ئەندێشەش بە خەیاڵیەوە ملکەچی بووبێ و ئەندازەشی بۆ دانابێ کەچی هەر ڕەچاوی ناکات، وە هیچ جیاوازیەك لە نێوان بوعدی کاتی نیە کە دەستەواژەکانی دابەش ئەبەن لە کاتی درانە پاڵ (پێش) وە (پاش) لەگەڵ بوعدی جێگاییدا کە دەستەواژەکانی دابەش ئەبن لە کاتی درانە پاڵ (سەر) وە (ژێر)، جا ئەگەر سەلماندنی (سەر) دروست بێت کەوا لەسەرروویەوە سەر نیە، ئەوە سەلماندنی (پێش) دروستە کەوا لە پێشیدا (پێش) نەبووەو

بۆیە خەونی زۆرێك لە زاناكان بوو كەوا ئەم دوو بیردۆزە تێكەڵ بەیەكتری بكەن كە بیردۆزی كوانتۆمی میكانیكی و بیردۆزی ڕێژەیی گشتیە[11]، جا ئەمە سەرەتایەك بۆ هاوكینگ تاوەكوو دەربچێت و بگەڕێ بە دوای بیردۆزێكی یەكخەر، وە لەوانەشە بۆ گەڕانەوە بووبێت بۆ حەتمیەتی زانستی.

وە هاوكینگ هەر لەسەرەتای كتێبەكەیدا ئەمە ڕائەگەیێنێ كەوا (ئیمرۆكە فەلسەفە مردو كۆتایی پێ هات)، وە موژدەش ئەداتە خوێنەرانی كەوا ئەم سەردەمە سەدەی زانستیەو سەدەیەكە بۆ كرانەوەی دەرگای زانستی نوێ، وە ئەوەش دڵنیا

---

تەحقیق نەكراوە، ئیللا بەخەیاڵ و وەهم نەبێت هەروەكوو لە سەردا(كەوا لەسەرووی ئەودا سەرێكی تر هەیە)، جا ئەمە پێویستەو جێ بەجێكراوە بۆیە بیركەرەوە، چونكە فەیلەسوفەكان هاوڕان كەوا لە دواوەی جیهان نە بۆشایی هەیە وە نەپڕایی"، جا دكتۆر صلاح الدین هەوورای لە پەراوێزی ئەم وتانەی ئیمامی غەزالیدا ئەفەرمووێت: "غەزالی هەوڵی ئەوەی داوە كەوا نەبوونی زەمان و كات لە دواوەی زەمان و كاتەوە بسەلمێنێت ئەمەش لە ڕێی دانپیانانی بە نەبوونی وجودی بۆشایی یاخود پڕایی لە دواوەی جیهانەوە، ئەگەرچی وەهم و ئەندێشەش ئەمە قەبوڵ ناكات (واتە: ئەندێشەو خەیاڵ هەر بیر لەوە ئەكاتەوە كەوا ئەبێ یان بۆشایی هەبێت یان پڕایی واتە شت و مادده هەبێت، بەڵام ئیعتیبار بەو ئەندێشە ناكرێت، چونكە بێ دەسەڵاتە لە تەحقیق كردنی)".




ئەمەش هاوكێشەكەی بیردۆزی ڕێژەیی تایبەتە (وزە = بارستایی × خێرایی ڕووناكی [2]).

بڕوانە: (تهافت الفلاسفة)(ل٦٩) باب مسألة الأولى في إبطال قول الفلاسفة بقدم العالم. وە A٪٨_%D٩A٪٨A%D٨٪٩D٪١B٪٨D٪٨B٪٨D٪٨٦٪٩https://ar.wikipedia.org/wiki/%D ٩A٪٨A%D٨٪٩D٪٨A٪٨D٪٣B٪٨D٪٨٦٪٩D٪٨٤٪٩D٪٧ النظرية النسبية. ٨٦٪٩D٪٨٥٪٩_%D٩B٪٨D٪١B٪٨D٪٣B٪٨D٪٣A٪٨https://ar.wikipedia.org/wiki/%D ١A٪٨D٪٨٨٪٩D٪٦B٪٨D٪٨٤٪٩D٪٧A٪٨_%D أسرع من الضوء ١٢٦?t=٤٤cr-q٣https://youtu.be/FXlg موجات الجاذبية.

[11] بڕوانە: ستيفن هوكنج وخلق العالم؟ محمد باسل الطائي/ الحوار المتمدن-العدد: ٣١٥٠ - ٢٠١٠ / ١٠ / ١٠ - ٢٣:٣٤ / المحور: العلمانية، الدين السياسي ونقد الفكر الديني http://www. http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=٢٣١٥٨٢

ئەکاتەوە کەوا ئەم دەرگا کرانەوە زانستیەش لەسەر ڕێچکەو بەرنامەکەی چارڵس داروین و شوێنکەوتوانی ئەبێ، وە هەر لەسەر ئەو بەرنامەیە ئەژین و ئەمرن، هەروەکوو لە کتێبەکەی خۆیدا لاپەڕە (١٣٢) ئەفەرمووێت: "بە تەواوی هەروەکوو ئەوەی داروین و والاس ڕاڤەیان کرد کەوا چۆن دیزاینە موعجیزە لە عادەت بەدەرەکان لە بوونەوەرە زیندووەکان بەدەرکەوتووە ئا بەم شێوەش ئەکرێ بەبێ دەست تێوەردانی هێزێکی مەزن بەدەرکەون، جا سەرچاوەی فرە گەردوونیەکانیش ئەکرێ ڕاڤەیەکی وردی یاسا فیزیاییەکان بکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە بوونی دروستکارێك هەبێت کەوا گەردوونی بۆ ئێمە ڕام کردبێت".

جا کەوایە خاڵی یەکەم ئەو پیاوە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدایە، وە ئارەزووی ئەوەش ئەکات کەوا ناوی بە هەمیشەیی لە جیهاندا بمێنێ ئیتر بە هەر شێوازێك بێت، وە سەرەڕای ئەمەش خۆی کەسێکی فیزیایی جیاکراوەیە، بەڵام ناوەکەی بە دڵنیاییەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ناوانێك وەکوو نیوتن و ئەنیشتاین[١٢]، وە هەلی بۆ نەڕەخسا تاوەکوو بە خەلاتی نۆبڵ بگات، لەبەر ئەوەی کارەکەی زیاتر لە بواری فیزیای تیۆریە کە ملکەچ نابێت بۆ ئەزموون و جێگیربوون، بەو واتایەی زۆربەی ئەو تیوریە فیزیاییانەی کە تەڕحکراون تەنیا بۆ ئەوە هاتوون کە بۆشاییەکانی زانست پڕ بکەنەوە ئەگەر چی ڕاستی تیۆریەکەش نەبوون بێت، بەڵام ئەمە باشترە لە هیچ، چونکە ڕەخنەگرتن لێی و ڕوونکردنەوەی کەموکوڕیەکانی ئەبێتە یارمەتیدەر بۆ تێگەیشتن لە هەندێك ڕاستی.

بەڵام ئەوەی جێی ئەسەف بێت تامەزۆریی هاوکینگە کە بۆ مانەوەی هەمیشەیی ناوەکەی ڕێگایەکی لاری هەڵبژارد، لە بری ئەوەی بەسەر ئەو هێڵەدا بڕوات کە نیوتن و کیپلەر بەسەریدا گوزەریان کرد، بەڵام ڕێگەی دارویینی هەڵبژارد لە

[١٢] بڕوانە ئەم لینکە http://atheismexposed.tripod.com/hawkinggoneastray.htm

**تەرحکردنی قسانێك کە هاندەرە بۆ مشتومڕ، وە هەستەکانی مرۆڤیش قدیلکەیان پێی دێت بە پێوەری عەقڵ و مەنتق.**

**خاڵی دووەمیش ئەوەیە کەوا ویستی هاوکینگ ئەبریسکێنینەوە کە پێداگرە لە هەڵاتن سەبارەت بە بیرۆکەی سەرەتای گەردوون جا بەهەر شێوازێك بێت چونکە خۆی گوتویەتی: "فیزیاییەکان بەشێوەیەکی خۆڕسکی ڕا ئەکەن لە بیرۆکەیەك کەوا بۆ کات سەرەتاو کۆتایی هەبێت"[١٣].**

**بەڵام واقیع ئەڵێ: ئەمە شتێکی خۆڕسك نیە، بەڵکوو هاوکینگ خۆی بەگەورە زانیوە، چونکە خاڵی سەرەتا یاخود کۆتایی مانای دارمانی یاسا فیزیاییەکان و تەرحە زانستیەکان دێت، بە مانایەکی ئاسان وەك ئەوەی فیزیاییەکان لە دەرەوەی یارییەکە بن، جا ئەمە شتێکە وایان لێ ئەکات کەوا هەست بە بێ دەسەڵاتی و کەمی تیژڕووانی خۆیان بکەن، بەڵکوو لەگەڵ ئەمەش هەست بە گیرهێنان و ئیحراجیەکی زۆر ئەکەن هەروەکوو فیزیایی بەناوبانگ میشیو کاکۆو هاوەڵەکەی پرۆفیسۆر ئەندرۆ سترۆمینجەر گوتویانە لەو کاتەی کەوا دیراسەی کونە ڕەشەکانیان کردووە کە هەموو یاسایەکی فیزیایی لە نێویدا دائەڕمێ[١٤].**

**خاڵی کۆتایی کە بریتیە لە فەلسەفەی هاوکینگ و فەلسەفەی زۆربەی موڵحیدە ڕۆژئاواییەکان وای ئەبینن لە نێوان زانست و ئایندا دژایەتیەکی حەتمی**

---

[١٣] (الكون في قشرة جوز)(ل٣٥) —النسخة العربية - طبعة عالم المعرفة. تێبینی: ئاگاداربە هیچ شتێك لەم گەردوونە خۆڕسك و سروشتی نیە، واتە: خۆی خۆی پەیدا کردبێت، وە هەم خۆیشی خۆی بەڕێوە ببات، وەك دەگوترێت: ئەمە شتێکی سروشتیەو تەبیعیە، بومەلەرزەیەك ڕوو بدات یاخود لافاوێك هەڵبستێت یان وێنەی ئەو ڕووداوانەش خەڵکی بێ باوەڕەکان وایان لەخەڵکە موسڵمانەکە کردووە کەوا ئەوانیش بڵێن: ئەمە شتێکی سروشتی و خۆڕسکە، بەڵام نەخێر وانیە بەڵکوو ئەمانە گشتی خوارسکەو بەویستی خوای پەروەردگارە، هەر بۆیەش هاوکینگ لەبەر ئەوەی بڕوای بە خۆڕسك بوون و بیردۆزی پەرەسەندن هەیە ئیتر بیرۆکەی کاتی بە شتێکی سروشتی لەقەڵەمدا نەك ئەوەی بیگەڕێنێتەوە بۆ پەروەردگاری.

[١٤] بڕوانە: http://www.youtube.com/watch?v=wHHz٤mB٩GKY&feature=related

**هەیە، ئەمە وای کردووە کە موسڵمانەکان سەریان بسوڕمێ، لەبەر ئەوەی ئاینەکەیان ئاینی (خوێندنە)[15]، وە ئاینی (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم بڵێ: خوایە زانستم زیاد بکە)[16]، وە ئاینی (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم تۆ بەبێ بڕواکان بڵێ: با بەسەر زەویدا بگەڕێن و هاتووچۆ بکەن تاوەکوو بۆیان دەرکەوێ کەوا چۆن گەردوون دروست بووە)[17]، بەڵام ئێمە لەو دژمنکاریەوە کە بەرامبەر ئاین ئەکرێ ئەوە تێئەگەین کەوا دەستێکی نەصرانیە ڕۆژئاواییە عەلمانیەکانی لە پشت بێت ئەمەش بەهۆی دۆزینەوە زانستیەکان کە دژایەتی کیتێبی پیرۆزی دیانەکان هەر بۆیەش هاوکینگ لاناکاتەوە سەبارەت بەو گاڵتەجاریەی بۆ نموونە کە زانا نەصرانیەکان لە ئینجلدا وا گریمانەیان کردووە کەوا تەمەنی گەردوون ٤٠٠٠ ساڵەو بەس، جا لە دوا کتێبەکەی خۆیشیدا لاپەڕە ٤٣ ئەفەرمووێت: "ئایا ئەو خوایانەی کە لە چاڵە هەڵکەنراوە کۆنەکان ئەمەیان داناوە کە تەمەنیان ئەگاتە بە میلۆنان ساڵ بۆ ئەوەی فێڵمان لێ بکەن ؟! لەوانەیە".**

---

[15] سورة الإقرأ آية ١.

[16] سورة طه آية ١١٤.

[17] سورة العنكبوت آية ٢٠. فِي (حەرفی جەڕە) واتە: پیتێکی پەیوەندیە، جا بەپێی دەستەواژەکان لە ڕستەدا ماناکانیشی ئەگۆڕێت، وە بە حەوت مانا هاتووە، جا ئەو فیەی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە ئێمە بەمانای (عَلی) واتە: لەسەر ڕاڤەمان کردووە هەروەکوو لە عەرەبیدا ئەگوترێت: (زيد في السطح) واتە: زەید لەسەر بانەکەیە نەك لە نێو بانەکە بێت، جا ئەوەی لە ئایەتەکە هاتووە ئەکرێ بە لەنێویش ڕاڤە بکرێت ئەو کاتە ڕاڤەکردنەکە بەم شێوەیە ئەبێت: ئەی محمد صلی الله علیه وسلم تۆ بەبێ بڕواکان بڵێ: با هەوڵبدەن و بچنە نێو ناخی زەویەوەو سەیری بکەن و تێڕامان بکەن تاوەکوو بۆیان دەرکەوێت کەوا زەوی و بوونەوەران و ئەم گەردوونە ناوازەیە چۆن دروست بووە. جا دروستە بەهەردوو ماناش ڕاڤەبکرێت و کۆبکرێنەوە (بگەڕێن بەسەر زەوی و بڕۆنە نێو ناخی زەویەوە)، بۆ زانینی زیاتر ماناکانی تری (پیتی فی) ئەوە بڕوانە: (فەرهەنگی دەریا/عەرەبی_کوردی)(ب٢/ل٩٠١).

[18] بڕوانە: مختصر تاريخ الحقيقه.

http://www.facebook.com/bh.truth#!/note.php?note_id=٢١٤٠٧٩١٩١٩٥٦٠٧٥

وە هەروەها هاوکینگ ئەوە دڵنیا ئەکاتەوە بەهۆی فەلسەفە چەوتەکەی کەوا موعجیزەکان لەگەڵ یاساکانی سروشت ناگونجێن و ڕێك ناکەون، بەڵکوو تەنیا داستانەو ڕوویان نەداوە، سەرەڕای ئەوەش بە موعجیزە ناوی بردووە، چونکە لە یاساکانی سروست و سیستەمە پێویستەکان دەرئەچیٚ، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکوو پێمان بلێت: کەوا ئەوشتانە موعجیزەو لە عادەت بەدەرن، جا ئەگەر بێت و گەردوون هەرەمەکی بوایە بە بێ سیستەم یاخود بەبێ یاساکان ئەوکاتە موعجیزەکان بێ مانا دەرئەچوون.

خۆشەویستان ئا ئەمە بیروباوەڕی هاوکینگ بوو، ئینجا دەستپێکی کتێبەکەی بەوە دەست پێ ئەکات لە کۆتایی ئەو تەمەنەیدا هەوڵی ئەوە ئەدات ئیتر بەهەر شێوەیەك و بەهەر نرخێك بێت کە چۆن خۆی دابماڵێ لە باوەڕهێنان بە هەبوونی زاتی خوا جل جلالە، تاوەکوو شکۆیەکی تاکەکەسی بۆ خۆی دابمەزرێنێت، وە هەمیش برسیەتی موحیدەکانیش برەوێنێتەوەو تێریان بکات، وە دڵنیاشیان بکاتەوە کەوا هەنگاوەکانیان هیچ نیە، ئەمانیش وەکوو توتی شوێنی ئەکەون بێ ئەوەی تێڕامان بکەن لە ناوەڕۆکی وتەکانی.

جا هەندێك کەس ئەڵێن: "ئەمە شێتیە بەرامبەر ئەو پیاوە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی ئەو کتێبەی زانستە نەك نێوبانگی پووچ و شکۆمەندی گومان بردراو"، هەر بۆیەش با گوێ بۆ تێبینیەکانی یەکێك لە گەورە فیزیاییەکانی جیهان بگرین ئەویش پرۆفیسۆر ڕاسڵ ستانارده کە لە پەیجی گاردیانی بەریتانی بڵاوکراوەتەوەو ئەفەرمووێ: "بێگومان فەلسەفەی هاوکینگ ئەوەی کە من بەرهەڵستی لێ بکەم بە دیاریکراوی هەروەکوو ئەوەی کە پێم گەیشتووە نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر زاناکانە، کە تەرحی ئەوەی کردووە زانست سەرچاوەیەکی بنەڕەتی زانیارییەکانە بە تەنیا، وە ئێمە بەهۆی ئەو شتانەی کە لەبەر دەستمان دایە ئەتوانین لە

**هەموو شتێك بگەین، ئەمەش قسەیەكی پووچ و بەتاڵە، وە نەك هەر پووچیش بێت و بەس بەڵكوو ترسناكیشە، چونكە ئەو زاناكان بە خۆبەگەورەزانین و لەخۆبایی بوون وەصف ئەكات بەشێوەیەكی زیاد لە پێویست".** [19]

**وە لەوانەشە كەسێ هەبێ و بڵێ: ئەگەر هاوكینگ شتێكی نوێی زانستی هێناوە ئەی بۆچی ئێمە هێرشی بكەینە سەر؟**

**ئەوەی كەوا سوپرایزەكە بێت ئەوەیە هاوكینگ شتێكی نوێی زانستی نەهێناوە، بەڵكوو زۆربەی ئەو شتانەی كە گوتوویەتی هی كتێبەكانی پێش خۆیەتی، وە دیراسەی ئەو بیردۆزە بەناوباگانەی كردووە كە لە ماوەكانی پێشوودا دەستاودەستی پێكراوە وەكوو (بیرۆدۆزی فرە گەردوونی) و (بیردۆزی ژێیە بێ سنوورەكان)** [20] **و وێنەیەكەیش لە بیردۆزە پەرەسەندەكەی خۆی (بیردۆزی ئێم) یاخود هەروەكوو خۆی ناوی لێناوە بە بیردۆزی هەموو شتێك، جا ئەكرێ ئەو شتە نوێیە ئەو قسەیەی بێت كەوا گەردوون توانای ئەوەی هەیە كە خۆی خۆی دروست بكات، وە**

---

[19] بڕوانە http://www.guardian.co.uk/technology/٢٠١٠/sep/١٢/russell-stannard-my-bright-idea

[20] بیردۆزی ژێیە بێ سنوورەكان یاخود بیردۆزی دەزووە بێ هەژمارەكان بە ئینگلیزیش (String Theory): برتیە لەو بیردۆزەی كەوا مادە لە تەنۆچكەكان پێك نەهاتووە، بەڵكوو لە ژێی زۆر بچووكی ورد پێكهاتووە، وە گەردوونیش یانزە دووری یاخود لای هەیە (إحدى عشر أبعاد)، بەڵام ئێمە پەی پێیان نابەین ئەمەش لەبەر بێ كۆتاییان لە وردیدا، ئەم بیردۆزە پێكهاتووە لە كۆمەڵێك بیری نوێ دەربارەی پێكهاتەی گەردوون كە پشتی بەستیوە بە كۆمەڵێك هاوكێشەی بیركاری ئاڵۆز، ئەم كۆمەڵە بیرە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەكاتەوە كەوا شتەكان یاخود مادە پێكهاتووە لە دەزووە بازنەییە كراوەكان، وە ئەوەكەی تریش داخراوەو بەهۆی بچووكیەوە دیاری ناكرێت و ئەستووری نیە، جا ئەوەی كە خەیاڵی بۆ ئەكرێ بۆ ئەم بیردۆزە وەكوو ئالەتی كەمان و گیتار وایە كە چۆن لێ ئەدرێت و چەندین ئاوازی جیاوازی لە خۆ گرتووە، ئەمەش لە ئەنجامی نەرمی و توندی ئەو دەزووە باریكانەی كە لە ئالەتەكە بەستراوە، جا لە جیهانی فیزیاشدا گەردیلەكان لە ماددەدا سەرەتا لە لاشەی بوونەوەرە زیندووەكان دروست بوون تا ئەگاتە ئەستێرە دوورەكان كە گشتیان لە دەزووی باریكی لەراوە پێكهاتوون، جا بەپێی ئەو بیردۆزە گەردوون هیچ نیە تەنیا سەنفۆنیایەكی دەزووی بێ سنووری لەراوەیە.
بڕوانە: https://ar.wikipedia.org/wiki/ البعد_الحادي_عشر

کتێبەکەشی بە قسانێك پڕکردووەتەوە سەبارەت بە مێژوو بیردۆزە فەلسەفیەکان کە خەڵکی عەوام پێی سەرسام ئەبن هەروەکوو چۆن وێنە کارتۆنیەکان سەرسامیان ئەکەن، جا کتێبەکەی پرکردووە لەم جۆرە شتانەو بەتەواوەتیش بۆشە لە هەموو سەرچاوەیەکی زانستی، وە هەروەها بۆشیشە لەهەموو هاوکێشەیەکی بیرکاری یاخود فیزیایی، وە جارێکی تریش ئەوە دووپات ئەبێتەوە کەوا بانگەشەکەی تەنیا بۆ ئەوەبووە کە گەنگەشەیەکی ڕاگەیاندن بۆ خۆی دروست بکات و ناوی لە مێژوودا تۆمار بکرێت.

# مشتومڕ کردن لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکەو بابەتەکانی

پوختەی وتەکانی هاوکینگ کە لە ڕستەیەکدا پوختی کردووەتەوە لە لاپەڕە (١٤٣) کە ئەفەرموویت: "ئەکرێ یاسایەك هەبێت وەکوو هێزی ڕاکێشان، جا گەردوون توانای ئەوەی هەیە هەڵسێت بە دروستکردنی خۆی لە هیچەوە... دروست بوونی لە خۆڕایی هۆکاری بوونی شتە لەبری لە هیچەوە... هەر بۆیەش پێویست ناکات خوایەك دیاری بکەین و دەری بخەین بۆ ئەوەی دەست بەکاروباری گەردوون بکات". وە هەروەها شەپۆلەکانی کوانتۆمیش گریمانە ئەکات (Quantum waves) واتە: کەمترین ئەندازە لە وزە ئەشێ بە تەنیا پەیدا ببێت، ئەمەش وا ئەکات کەوا بە ژمارەیەکی زۆر فرە گەردوونیەکانیش دروست بکات کە ژیریی مرۆڤ ناتوانێ پەی پێیان ببات، هەندێك لەو گەردوونانە هەر لە خۆیەوە نامێنێت و ئەپێچرێتەوە ئەمەش لە قۆناغی میکرۆسکۆبی کە زۆر کەمە، بەڵام غەیری ئەمە زۆربەیان دروست ئەبێت و گەورە ئەبێت، وە بە دڵنیایشەوە بە ڕێکەوت لە یەکێك لەمانە بوونی ژینگەو یاساکان سەرهەڵدەدات کە لەبار بێت بۆ پەرەسەندنی گەردوون تا بگاتە ئەوەی کە لەسەری بێت، ئینجا دواتر ژیان سەرهەڵبداو پەرەبسێنێ هەروەکوو ئەوەی کە بۆ ئێمە ڕوویدا، جا بوونی ئێمە موعجیزە نیە، بەڵکوو تەنیا یەکێکە لە ئیحتیماڵە پەیدابووەکان لە گەردوونە جیاوەزەکان. جا هاوکینگ ئەم وتەیەی لە وانەکانی خۆیدا ڕاڤە ئەکردو ئەیفەرموو: "گەردوون وزەی پێویست لە هێزی کێش کردن ئەخوازێت و وەرئەگرێت بۆ دروستکردنی ماددە..، بێگومان وتەی من تەنیا تیۆرییە یاخود گریمانەییە ناکرێ تاقی بکرێتەوە بەڵکوو بینینەکان پاڵپشتی ئەکات، بەڵام بێگومان ناتوانرێ ڕاستی بوونی بسەلمێنرێت..، ئێمە بە تەواوی ئەوە ئەزانین کە سەرەتای گەردوون و کاتی ڕاستەقینە لە تەقینەوە مەزنەکە سەری هەڵداوە هەر بۆیەش ئەوەی لە پێش ئەم تەقینەوەیەشە ئەوە لە

دەرەوەی سنووری یاسا فیزیاییەکانە..، بەڵام ئەوە گریمانە ئەکەین کە کاتێکی خەیاڵی هەیە لە پێش تەقینەوە مەزنەکە، وە ئەوە گریمانە ئەکەین کە گەردوون لەو کاتە خەیاڵیەدا بووە، وە خۆی داخست بوو ئەمەش سنوورداره بەڵام کۆتایی بۆ نیە یاخود سنوورێك هەبێت و بکەوێتە دەرەوەی (هەروەکوو ڕووی گۆی زەوی).. جا لەم حاڵەتەدا ئەتوانین یاساکانی فیزیا جێ بەجێ بکەین بۆنموونە وەکوو یاسای ڕاکێشان"[21].

وتەکەی هاوکینگ هەوڵێکی نائومێدکەرە، وە لەوانەشە کۆتا هەوڵی بێت بۆ زیندوو کردنەوەی (بیردۆزی گەردوونی جێگیر) یاخود هەمیشەیی بوونی گەردوون، بەڵام هەوڵی ئەوەش ئەدات کەوا دژایەتی ڕوونەدات لەگەڵ تەقینەوە مەزنەکە بۆ ئەوەی ڕابکات لە بیرۆکەی سەرەتای گەردوون، بەڵام ئەم وتانەی هاوکینگ کە تەرحی کردووە چەندین گیروگرفتی لە خۆدا بەرجەستە کردووە:

یەکەم: بیردۆزی ئێم بەکرداری لە بنەڕتدا هەر نیە، کە تەواو نەکراوەو هاوکێشەیەکی بیرکاریش نیە بۆ ئەوەی لێکدانەوەی بۆ بکات، هەموو ئەوەی کە کردوویەتی بۆ ئەوەیە تا موژدە بدات لەمەودوا ئەبێتە ئەوەو ئەوە (ئەمە ٣٠ ساڵە ئەم وتەیە ئەڵێ)، ئا بەو ساناییە ئەی کوا سەرچاوەیەك یاخود بەڵگەیەك؟ هەروەکوو یەکێك لەوان بەوەی شوبهاندووە کەوا (پێغەمبەرێکی موحیدە).

دووەم: ئەگەر بێت و بیردۆزەکەی تەواویش بکرێت ئەوە توانای سەلماندنی نیە چ لە ئێستاکە یاخود چ لە ڕابوردوودا، چونکە سەلماندنەکەی مەحاڵە، وە هاوکینگ خۆیشی ئینکاری ئەمە ناکات، هەر بۆیەش کتێبەکەی کە ئەبینی پڕکراوە بە دەستەواژەکان وەکوو (ئەمە کە بڕوای پێ هەیە) یاخود (وا پەی پێ ئەبات)، بۆ

---

[21] بڕوانە http://www.hawking.org.uk/

نموونه به تەنیا دڵنیایی کردنەوەی بوونی دەزووەکان (ئەوتار) یاخود ڕووپۆش بەگوێرەی بیردۆزی ئێم پێویستی بە ئامێرێکی بەریەکەوتنی گەردیلەیی هەیە کە قەبارەکەی بە دەیان هەزار ساڵی ڕووناکی بێت، وە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە چی ئەڵێین بۆ نموونە کۆمەڵەی خۆر بە تەواوی تەمسیلی تەنیا ڕۆژێکی ڕووناکیمان بۆ ئەکات[٢٢]، جا ئێمە پێویستمان بە بەریەککەوتنێك هەیە کە قەبارەکەی وەك (مجرة) گەلەئەستێرەیەك وابێ[٢٣]، وە گەلەئەستێرەی ئێمەش کە ڕێگەی کاکێشانە نزیکەی ٤بلیۆن خۆری تیایە وەکوو ئەو خۆرەی ئێمە.

سێیەم: ئەم بیردۆزە ڕاڤەی بوونی یاسامان بۆ ناکات وەکوو یاسای ڕاکێشان کە کێ دروستی کردووە؟ کێ پەیدای کردووە؟ هەر بۆیەش کە کتێبەکەی هاوکینگ ئەخوینیتەوە لەسەرەتاوە تا کۆتاییەکەی هەرگیز ئەو وەڵامانەت دەست ناکەوێ تەنیا ئەوە نەبێ کە پاکانەی بۆ کردووە ئەویش حەتمی بوونی یاساکانە، جا من نازانم ئایا بڕوا هێنان بە چ شتێك ئەکرێ تەنیا بڕوا هێنان بە خوای جیهانیان؟ دەکەوایە ئەی بۆچی هاوکینگ دژایەتی ئەو کەسە ئەکات کە دان بە حەتمیەتی خوا ئەنێ و لە کاتێکیشدا لە هەموو کتێبەکانی ئەوە دووبارە ئەکاتەوە کە کێ خوای دروستکردووە ؟ بڕوانە وتەی (پرسیارێك کێ خوای دروستکردووە؟)[٢٤].

چوارەم: زانست ئەوەی بەڕوونی سەلماندووە کەوا لەوێدا سەرەتایەك هەیە بۆ کات و شوێن ئەمەش لەگەڵ دەستپێکی تەقینەوە مەزنەکە، بۆیە زۆربەی مرۆڤەکانیش لەم ڕاستیە تێئەگەن کەوایە بۆچی خۆمان بە دوور بگرین لەم ڕاستیە

---

[٢٢] بڕوانە http://www.scientificamerican.com/blog/post.cfm?id=cosmic-clowning-stephen-hawkings-ne-٢٠١٠-٠٩-١٣

[٢٣] بڕوانە http://www.guardian.co.uk/technology/٢٠١٠/sep/١٢/russell-stannard-my-bright-idea

[٢٤] بڕوانە:
http://www.facebook.com/bh.truth#!/note.php?note_id=٢٣١١٩٧٧٧٣٥٧٧٥٥٠

سەلمێنراوە کە زۆر بەڕوونی دیارە وە خۆشمان بخەینە نێو خەیاڵی زانستی و گریمانە ئەفسانەییەکان هەروەکوو گریمانەیی جۆری کاتی خەیاڵی پێش تەقینەوە مەزنەکەو گەردوونی داخراو بەسەر خۆیدا کە بە هیچ شێوەیەك ماناکەی ڕوون و ئاشکرا نیە ئەمەش بە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستیەی کە پێش تەقینەوە مەزنەکە خەیاڵی بۆ ئەکرێت، بەڵکوو هاوکینگ هەر خودی خۆی لە کتێبی (تاریخ موجز للزمان) ئەفەرمووێت: "بیردۆزی دەزووەکان خەریکە یەکسان بێت لەگەڵ ئەو وتەیەی کەوا گەردوون هەڵگیراوە لەسەر پشتی کیسەڵ ـ هەروەکوو زۆرێك لەخەڵکی جەماوەر وای بۆ چوونە ـ جا هەردووکیان بەبێ بەڵگەن ئەکرێ بسەلمێنرێ...، جا لە کۆتایی لێ کۆڵینەوەکە گفتوگۆ لەسەر گریمانەییەکی نوێ ئەکەین سەبارەت بە هەمیشەیی گەردوون.

پێنجەم: وتەکانی دژ بەیەکن جارێکیان ئەفەرمووێ: گەردوون لە نەبوونەوە دروست بووە پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باسی کاتی خەیاڵی و یاساکانمان بۆ بکات، ئینجا باسی شەپۆلەکانی کوانتۆممان بۆ ئەکات، ئیتر من نازانم ئەو هەموو شتانە چۆن ناو بنێم نەبوو (عەدەم)؟ ڕاستە ئێمە بڕوامان بە وتەکانی نیە بەڵام نەك هەر هەڵەیەو بەس بەڵکوو دژ بە یەکیشە، بەڵام دەرئەکەوێ مەبەستی ئەو بۆشایی کوانتۆمە کە لە ڕاستیدا نەبوو نیە بەڵام کێ بەدی هێناوە ؟!

شەشەم: بوونی فرە گەردوونیەکان ئەوە کارێکی ئەفسانەییە یاخود میتافیزکیە[25]، ناکرێ بسەلمێنرێت یاخود تاقی بکرێتەوە بەڵکوو تەنیا تەرحێکی

---

[25] میتافیزیك ـ ما وراء الطبیعة ـ metaphysik: ناوێکی یۆنانیە لە دوو بەش پێکهاتووە یەکەمیان (میتا ـ meta) بەواتای لە دواوە دێت، دووەمیشیان (فیزیك ـ physik) بەواتای سروشت وتەبیعەت دێت، واتاکەی بەم جۆرەیە: ئەو دیوی سروشت یاخود جیهانی پەنهان، ئەم ناوە لە کتێبەکانی ئەرستۆ بینراوە، ئەمە تایبەتە بە فەیلەسووفەکان هەر لە دێرین زەمانەوە هەوڵیانداوە کەوا لێکۆڵینەوە بکەن دەربارەی جیهانی نادیارو شتە شاراوەکانی ئەو دیوی سروشتەوە. بڕوانە: https://ar.wikipedia.org/wiki/ما وراء الطبیعة.

هاوکینگی فەیلەسووفە، پرۆفیسۆر جۆن بۆڵکنجهۆرن کە یەکێکە لە گرینگترین زانا فیزیاییە بیردۆزیەکان ئەفەرموویت: "فرە گەردوونیەکان (الأكوان المتعددة) فیزیا نیە بەڵکوو تەنیا بیرۆکەیەکی میتافیزکیە، وە هیچ هۆکارێکی زانستی نیە بۆ بڕواهێنان بە کۆمەڵێك لە فرە گەردوونیەکان...، بێگومان ئەو جیهانەی کە ئێستاکە هەیەو بەو شێوەیەی کە دەرکەوتووە دەرەنجامێکە بۆ ویستی بە دیهێنەرێك خۆی ئەوە دیاری ئەکات کە چۆن پێویستە ببێت"[٢٦].

حەوتەم: بیردۆزەکەی هۆکاری بوونی مرۆڤ و ژیان لەسەر زەوی ڕوون ناکاتەوە، مەگەر بۆ ڕوونکردنەوەکەی بچێتە سەر بیردۆزێکی تر کە زۆرترین قسەی پڕوپوچی تێدایە ئەویش بیردۆزەکەی داروینە، ئیتر لەم سۆنگەیەوە ژیان وەك لوغزێك ئەمێنێتەوە بەڵکوو وەك تەڵیسمێك کە هیچ حەلێکی نەبێت و دوور بێت لە بەدیهێنەر، وە بیردۆزی ئێمیش بە تەنیا وەك وەهمێك ئەمێنێتەوەو ناگونجێ لێی بکۆڵدرێتەوە.

هەشتەم: کێ ئەو سیستەمە داخراوەی دروستکردووە هەروەکوو واگومانی پێ بردووە؟ ئەگەر هەر چەندێك ئالیەتێك هەبێت یاخود یاسایەك یاخود وزەیەك یاخود میکانیزمێك یاخود شەپۆلێك یاخود سیستەمێك یاخود هەر شتێك هەتا دوایی ئەوەی کە باسی کردووەو وە ئەوەش کە لەمەودا باسی لێوە ئەکات ئیتر بوونی ئەو شتە هەر لە زاتی خۆیدا بەڵگەیە لەسەر بوونی بەدیهێنەرێك، هەر بۆیەش ئێمە ئەپرسین کێ ئەم شتەی دروستکردووە؟ ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە کەچی ئەمانە بەردەوام هەوڵئەدەن هۆشیاری کەسی بەرامبەر بەم وتانە پەرتەوازە بکەن بۆ ئەوەی هەر چاو ببڕنە سەر یاساکان و میکانیزمەکان، ئیتر کێ دروستی کردووە ئەمە لایان گرینگ

---

[٢٦] بڕوانە: John Polkinghorne, One World(London: SPCK, ١٩٨٦), ٨٠.
http://www.rzim.org/justthinkingfv/tabid/٦٠٢/articleid/١٠٧٤٥/cbmoduleid/٨٨١/default.aspx

نیه، هەر بۆیەش خوای گەورە جوانی فەرمووە: ﴿أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ۝٣٥ أَمۡ خَلَقُواْ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ۝٣٦﴾[27]، واتە: ئایا ئەو بێ باوەڕانە بەبێ بەدیهێنەر پەیدابوونەو هاتوونەتە بوون یاخود هەر خۆیان خۆیانیان بەدی هێناوەو بوونەتە بەدیهێنەر؟ ئایا ئەمان ئاسمانەکان و زەویان بەدیهێناوە؟ نەخێر ئەمانە بڕوایان بەخواو سزای ڕۆژی دوایی نیە.

دەیەم: ئەگەر بێت و حەتمیەتی بوونی یاساکان گریمانە بکەین ئەو کاتە پێویستە لەوە تێبگەین کەوا خودی یاسا هیچ نیە تەنیا لێکدانەوەیەکی بیرکارییە سەبارەت بەوەی کە لە سروشتدا ڕووئەدات، بەڵام لە خۆیەوە کار ناکات ئەبێ کارپێکەرێك بوونی هەبێت وە ئەبێ بوونی ماددەیەك هەبێت یاخود وزەیەك کە یاساکانی لەسەری جێ بەجێ ئەکرێ، لەمەودوا لەوە تێئەگەین بەهۆی تێبینی زاناکانەوە.

یانزەهەم: هاوکینگ ئەیەوێ بابەتەکە بگوازێتەوە بۆ مشتومڕێکی فەلسەفی ڕووت ئەمەش بە تەرحکردنی گریمانەیەك کە ناگونجێ بوونی فرە گەردوونیەکان بسەلمێنێ، ئەگەر بە پێی ئەو گریمانەیەی ئەو بێت ئەو کاتە هەموو شتێك ئامادەیە بۆ پەیدابوون لە خۆیەوە، وە لەلایەکی تریشەوە ڕازەویی گەردوون و سیستەمە ناوازو سەرسامکەرەکەی نابێتە بەڵگە لەسەر بەدیهێنەرێك بەڵکوو بە تەنیا ڕێکەوتێکە لە تەك ئیحتیمالە زۆرەکان، وە ئەوەی ئەشبینین لەو ڕێك و پێکیەی کە لەم گەردوونەدا هەیە ئەبێتە حەتمیەکی ڕووت لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوونی بەدیهێنەر مانای ئەوە ئەگەیێنێ کەوا ئێمە نەبووینە بۆ ئەوەی ببین و بیری لێ بکەینەوە، وە لەلایەکی تریشەوە مرۆڤ ئەو فەرمانە تایبەتیانە ون ئەکات کە ئایینەکان فەرزی ئەکەن.

[27] سورة الطور آية ٣٥- ٣٦.

وەلامدانەوەی خالّی یەکەم ئەوەیە بوونی گەردوون لە نەبوونەوە بە تەنیا موعجیزەیەکی ڕوون و ئاشکرایە هەروەکوو چۆن بابەتەکەش بەتەنیا ڕێکەوت نیە بەڵکوو ملیارەها ملیارەها ملیارەها لە ڕێکەوتەکان یارمەتی یەکتر ئەدەن و هەموویان یەکدی ئەگرن بۆ چاکەی مرۆڤـ، ئایا چ عەقڵێك ئەمە ئەڵێ؟ ئەمە هەمان عەقڵیەتی داروین و قوتابخانەکەیەتی کە مشتومڕمان لەسەری کردووە لە ڕێی ڕوونکردنەوەی گریمانەکان کە مەحاڵێتی ئەو قسەیەی ئەو لێی ئەکات پووچمان کردووەتەوە کە ئەیلێ: بۆنموونە مەیمونێك لەسەر کۆمپیتەرێك دابنرێت، جا دوای ملیارەها ساڵ لە نوسین لەسەر کۆمپیتەرەکە ئەکرێ قەصیدەیەکی شکسپیری لێ دەربچێت ئەمەش لەتەك نوسینەکانی، یاخود ئەگەر لافاو بەسەر جێگایەکی لەناوچوو فەوتاودا بڵاوببێتەوە جا هەر کاتێك بەهەزاران ساڵ بەسەریدا تێپەڕ بکات ئەکرێ لە یەکێك لەو حاڵەتانە فڕۆکەیەکی بۆینگی ٧٤٧ دروست بکات.

جا لەم حاڵەتەدا بڕوا هێنان بە موعجیزاتی پێغەمبەرەکان هەروەکوو ئەوان گاڵتەی پێ ئەکەن ئاسانترو نزیکترە لە عەقڵ و لوژیك لەوەی کەوا ئەو تەرحی کردووە، وە لەوانەشە بەهۆی هەستکردنی بە شەرمەزاری سەبارەت بەو ڕاستیەوە ئیتر وای لێ کردووە کەوا بڵێ: "ئەم گەردوونە ئەکرێ پێویستی بە دروستکار نەبێ"، کەچی زانست ناتوانێ نەفی بوونی خوای گەورە بکات[٢٨].

وە لەگەڵ هەندێش پەروەردگارمان ئەفەرموێت: ﴿وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ۝٨﴾[٢٩]، واتە: (ئەوەش دروست ئەکات کە ئێوە نایزانن و هیچ زانیاریەکتان نیە لە بارەیەوە. جا ئەگەر بێت و فرە گەردوونیەکانیش بە هەموو جۆرەکانیەوە پەیدا ببن

---

[٢٨] بڕوانە: http://abcnews.go.com/GMA/Books/grand-design-stephen-hawking/story?id=١١٥٦٨٥٥٦&page=٣

[٢٩] سورة النحل آية ٨

**ئەوە لە داهێنانەکانی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە کە بەردەوام چ لە پێشترو چ لەمەودواش کە دێت بەردەوام وەك بەدیهێنەرێکی زانای نەمری هەمیشەیی ئەمێنێتەوە، وە ئەو ڕاستیەش بلێین: هاوکینگ مێشکی شلەژاوە، وا گومان ئەبات کەوا کاری بەدیهێنەر بە تەنیا هاوێشتنی پڕیشکی سەرەتای گەردوونە، ئەمەش لە کاتێکدا خوای گەورە ئەفەرمووێت:** ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنۡ أَمۡسَكَهُمَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ﴾[٣٠]، **واتە: بێگومان خوای گەورە زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی ڕاگیرکردووەو ناهێڵێ لە شوێنی خۆیان لابکەون، جا ئەگەر بێت و لە شوێنی خۆیان لابکەون کێ ئەتوانێ غەیری ئەو زاتە ڕاگیریان بکات، بۆیە بیرکەنەوە لە مەزنێتی ئەو خودایە چونکە زاتێکی زۆر بەسۆزو لێبوردەیە.**

**بەڵام خاڵی دووەم ئەو کەسەی کە ئەڵێ گەردوون بە تەنیا بۆ مرۆڤ دروستکراوەو بەس، با واز لەوە بێنین و ئەوە گریمانە بکەین کەوا هەموو هەسارەکانی گەردوون گونجاون بۆ ژیان و ئاوەدان کراون بە بوونەوەرە ژیرەکان کە ئێمە زانیاریمان لە بارەیانەوە نیە، ئیتر لەم کاتەدا هیچ وتەیەك نادرەوشێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت (پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو زاتەی کەوا ئەم گەردوونە مەزنەی بۆ بوونەوەرەکانی خۆی ڕام کرد، وە بۆ هەر یەکێکیشیان ئامانج و ویست و هۆکارە جیاوەزەکانی بۆ ژیان بۆ ڕەخساند).**

**وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت:** ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴾[٣١]، **ئەمە ئەو وەڵامەیە کە فیرعەون پرسیاری لە گەورەمان**

---

[٣٠] سورة الفاطر آية ٤١

[٣١] سورة طه آية ٥٠

موسا کردو گوتی: ئەی موسا پەروەردگاری ئێوە کێیە؟ حەزرەتی موساش فەرمووی: پەروەردگاری ئێمە ئەو زاتەیە کە هەموو بوونەوەرێکی دروست کردووەو سیفەتی بوونی داوەتێ و ڕێگاشی پیشانداوە چۆن بۆ خۆی بجولێتەوە، وە سەرارەی هەندێش ئێمە ئەزانین بوونەوەرانی ژیری تریش هەن جگە لە ئێمە وەکوو جنۆکەو فریشتەکان هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۗ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤٤﴾﴾[32]، واتە: ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی وا لە

---

[32] سورة الإسراء آية ٤٤

ڕوونکردنەوەیەك: ئایا بوونەوەرانی تر هەنە وەکوو ئێمە لە هەسارەکانی تر؟ وە ئایا ئەکرێ فرە گەردوونی بوونی هەبێت؟ وەلاّم: خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویێت: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمۡعِهِمۡ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾﴾سورة الشورى آية ٢٩. واتە: (یەکێك لە نیشانەکانی دەسەلاّتی خوای مەزن دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و بلاّوکردنەوەی داببەیە لە نێوانیاندا، وە بێگومان دوای مردنیشیان خوای گەورە گەر ویستی لەسەر هەبێت زیندوویان ئەکاتەوەو کۆیان ئەکاتەوە). دکتۆر عبد الدائم الکحیل ئەفەرموویێت: ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت ئەو بونەوەرانە بە یەکتریەوە کۆئەکاتەوە واتە هەر لە دونیا، ئیمامی تەبەری لە تەفسیر کردنی ئەم ئایەتەدا ئەفەرموویێت: خوای گەورە داببەی تیایە بلاّوکردووەتەوە"، وە هەروەها بەسەنەدی خۆی ئەو ڕیوایەتەشی لە موجاهیدەوە هێناوە کە ئەفەرمووێ: "ئەوەی کە لەنێوانیان بلاّوی کردووەتەوە ئەوە خەلّك و فریشتەن"، داببە بەم چەند مانایە هاتووە: ئاژەلّ، ولاّخ، گیانەوەر، زیندەوەر، دەعبا. ئیمامی ڕازیش کە خاوەنی فەرهەنگی (مختار الصحاح)ـە ئەفەرموویێت: "هەر شتێك کە بەسەر زەویا بڕوات ئەوە داببەیە". وە هەروەها ئیمامی زومەخشەریش ئەفەرموویێت: "دوور نیە خوای گەورە لە ئاسمانەکان گیانلەبەرانێك دروست بکات وەکوو مرۆڤـ هاتووچۆ بکەن"، وە هەروەها ئیمامی ئالوسیش ئەفەرموویێت: "بە دوور نازانرێت لە هەموو ئاسمانەکانیش گیانلەبەران و بوونەوەرانی تر بوونیان هەبێت لەسەر چەندین شێوەو ئەحواڵی جیاواز کە ئێمە زانیاریمان لەبارەیانەوە نیەو لە هەوالّیشدا باسی لێوە نەکراوەو پێمان نەگەیشتووە". وە هەروەها ئیبن و کەثیریش ئەفەرموویێت: "ئەمە فریشتەکان و جنۆکەکان و مرۆڤەکان و گشت گیانلەبەران ئەگرێتەوە بەگوێرەی جیاوازی لە شێوەیان و ڕەنگیان و زمانیان و سروشتیان و ڕەگەزیان و جۆرەکانیان، خوای گەورە بلاّوەی پێ کردوونە لەسەرانسەر ناوچەکانی زەوی و ئاسمانەکان". بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (تفسیر الکشاف)(ب٥/ل٤١٠) طبعة مکتبة العبیکان. (تفسیر الطبري)(ب٢٠/ل٥١٢) طبعة هجر. (روح المعاني للإمام الآلوسي)(ب٢٥/ل٤٠) طبعة دار التراث العربي. (تفسیر ابن کثیر)(ب٧/ل٢٠٧) طبعة دار طیبة. (قاموس مختار الصحاح)(ب١/ل١٨٧) طبعة دار المعرفة.

(فەرهەنگی دەریا)(ب١/ل٢٦٤) چاپ ناوەندی رۆشنبیر.

http://kaheel٧.com/pdetails.php?id=١٤٧&ft=٢ الإعجاز في الكون - هل توجد حياة في الفضاء الخارجي؟

دەرەنجامی ئەم روونکردنەوەیە:

١ـ بەڵێ ئەکرێ بوونی زیندەوەرانی تریش و ژیانی تریش هەبێت لە ئاسمانەکان، ئیتر ئێمە نازانین لە کامە ئاسمانن یاخود لە کامە هەسارەو گەلەئەستێرەن یاخود لە کامە بوعدی گەردوونن.

٢ـ بەڵێ ئەکرێ خوای گەورە چەندین گەردوون دروست بکات و هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ دەقەکانی شەرعی پیرۆز نیە، بەڵکوو ئەمە زیاتر دەسەڵاتی خوای مەزنمان بۆ دەرئەخات لە هەڵسوڕانی کاروباری گەردوون.

تێبینیەکان:

لەوانەیە کەسێك بپرسێت: باشە بۆ تا ئێستاکە زانا گەردوون ناسەکان و فیزیاییەکان لەگەڵ ئەم هەموو کەشف و بەدواداچوونە زانستیانەو بیردۆزانە نەیانتوانیوە بوونی ئەو بوونەوەرانە بسەلمێنن؟

وەڵام: زاناکان تاوەکوو ئێستا لەم ئاستە زانستیانەی کە هەیانە بێ دەسەڵاتن لەوەی کەوا بتوانن بە تەنیا کۆتایی سەقفی ئاسمانی دونیاش بدۆزنەوە چ جای بوونەوەرانی تر، چونکە وەك خۆیان پێوەری دووریەکان بەساڵی رووناکی هەژمار ئەکەن ئیتر چۆن ئەتوانن لە ئێستاکەیا ئەم هەموو دووریە ببڕن بۆ دۆزینەوەی بوونەوەرەکانی تر، لەوانەیە لە داهاتوودا بیدۆزنەوە والله اعلم.

وە هەروەها وتەکانی هاوکینگیش سەبارەت بە فرە گەردوونیەکان ئەوە تەنیا وتەیەکی خۆیەتی چونکە ئەکرێ ئەوەی ئەو بینیویەتی لە رێی تەلیسکۆبەکانەوە ئەوە جۆرێك بێت لە گەلەئەستێرەکان یاخود شێوەی ئەوان بێت، ئەم وتانەی نابێتە بەڵگەیەکی زانستی، چونکە خۆی ناوی لێناوە ئەمانە گەردوونن، وەك گوتمان تاوەکوو ئێستاکە نەیانتوانیوە سەدا یەکی گەلەستێرەی خۆمان کەشف بکەن چ جای دەرچوون لە گەردوونی ئێمەو بینینی گەردوونەکانی تر، ئەمە تەنیا وەهمێکی زانستیە کە هاوکینگ تێیکەوتووە، چونکە لە رووی زانستیشەوە مەحاڵە بتوانێ رووی ئاسۆیی گەردوون ببینێ، چونکە ئەبێ دەربچێت لەم گەردوونەی خۆمان ئینجا سەیری ئاسۆی گەردوون بکات ئەمەش مەحاڵە هەتا دونیا مابێت ئەم کارە ئەنجام بدەن، یاخود گەر تیشکیش بنێرن لە بری خۆیان هەر ناتوانێ ئاسۆی گەردوون دیاری بکات، ئەوەی ئەوان ئەیڵێن تەنیا وەهمێکی زانستیە، وە هەروەها لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی ڕابووردووەوە زانا گەردووناسەکان لە هەوڵی ئەوە دابوونە لە رێی ناردنی شەپۆلەکانەوە بۆ ئاسمان و هەسارەکانی تر تاوەکوو بزانن هیچ نیشانەیەك هەیە لەسەر بوونی زیندەوەرانی تر وەکوو ئێمە، بەڵام تاوەکوو ئەم ساتەش کە ساڵی ٢٠١٨زاینیە سەرکەوتوو نەبوونە لە دۆزینەوەی ژیان لەسەر هەسارەکانی تر، وە بۆ دڵنیایشتان بە تەنیا گەلەئەستێرەی ئێمە کە ناسراوە بە گەلەئەستێرەی رێگای کاکێشان (المجرة درب التبانة) زیاتر لە دەیان هەزار میلۆن ملیۆن میلۆن ئەستێرەی تێدایە. وە زانا گەردووناسەکانیش وای بۆ ئەچن کەوا ٢٠٠ ملیار گەلەئەستێرە هەبێت لەم گەردوونە، بەڵام ئێمە ناتونین بیانبینین چونکە تەلیسکۆبەکانمان ئەو توانایەیان نیە، وە ئەگەر ئەشیانەوێ بزانن بوونەوەرانی تر هەیە یان نا یاخود گەردوونی تر هەیە یان نا؟ با کەشتیەك دروست بکەن بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە ئەنیشتاین بۆ بارستەو وزەی داناوە، هەر چەندە لە ئێستاکەدا ئەمە شتێکی مەحاڵە بۆ نموونە: لاشەیەکمان گەر هەبێت بە خێرایی رووناکی ٩٩٪ برِوات کە ئەکاتە ٣٠٠,٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا، ئەوکاتە بارستەکەی بێ

**نێوانیشیان دا هەیە گشتی تەسبیحات و ستایشی خوای گەورە ئەکەن، جا هیچ شتێك نیە لەم گەردوونە مەزنە ئیلـلا سوپاس و ستایشی ئەو زاتە مەزنە ئەکات بەڵام ئەوەندە هەیە ئێوە لە شێوازی ئەو تەسبیحاتەی ئەوان سەر دەرناکەن و لێیان تێ ناگەن، جا بەڕاستی خوای گەورە زاتێکی زۆر بە سۆزو لێبوردەیە.**

**لە کۆتاییدا: مەبەستی کتێبەکە دیارەو دوورە لە شکۆی تایبەتی هاوکینگ، چونکە بووە هۆکاری کردنەوەی پەنجەرەیەك بۆ مولحیدەکان تاوەکوو بڵێن: "بەگوێرەی زانای فیزیایی مەزن ئەکرێ گەردوون پێویستی بە دروستکار نەبێت"، بەڵام دوورە ئەم ئاواتەیان هەرگیز بۆیان نابێت هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویێت:** ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾﴾[٣٣]**، واتە: ئەی خەڵکینە خوای گەورە نموونەیەکتان بۆ ئەهێنیتەوە ئێوەش گوێی بۆ ڕادێرن و بیری لێ بکەنەوە، ئەوانەی کە هاوار ئەکەنە غەیری خوای گەورە لە بتەکان یاخود وێنەی ئەو بتانەش کە خەڵکی هاواری لێ ئەکەن و بەخوای خۆیانیان ئەزانن ئەمانە ئەگەر بێت وگشتیان کۆببنەوە بۆ ئەوەی مێشێك دروست بکەن هەرگیز ناتوانن چونکە مەحاڵە، وە ئەگەر بێت و مێشێك**

---

کۆتایی ئەبێت و پێویستیشی بە وزەیەکی بێ کۆتایی هەیە، چونکە هەر لاشەیەك ئەگەر بەخێرایی ١٠٪ ڕووناکی بڕوات ئەو کاتە بارستەکەی بە ڕێژەی ٥٪ زیاد ئەکات. هەر بۆیەش دروستکردنی شتێکی لەم جۆرە لە ئێستاو لە داهاتوو مەحاڵە. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر گەلەئەستێرەکان بڕوانە ئەم لینکانە: https://nasainarabic.net/education/articles/view/how-many-known-galaxies-are-there-intermediate کم عدد المجرات فی الکون.

اکتشاف "مذهل" لعدد مجرات الکونhttps://www.skynewsarabia.com/technology/

https://ar.wikipedia.org/wiki/ مجرة ويكيبيديا الموسوعة الحرة.

ماذا يحدث اذا تحركت بسرعة الضوء؟ http://www.hazemsakeek.net/ar/

[٣٣] سورة الحج آية ٧٣

**شتێکیان لێ ببات و بڕوات هەرگیز ناتوانن ئەو شتە ڕزگار بکەن لە دەستی ئەو مێشە، هەر بۆیەش ئەوەی کە نیازو داوایەکی هەیە لەوەی کە هاواری بۆ بردووە، وە ئەوەشیان کە هاواری بۆ بردراوە گشتیان زەعیف و بێ دەسەڵاتن لەوەی کەوا بتوانن شتێك پەیدا بکەن[٣٤].**

[٣٤] ئەم دەقەی کۆتایی (ضعف الطالب والمطلوب) ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەکەم ڕوونکردنەوەی مامۆستا عبد الکریمی مودەڕڕیسە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، بەڵام شێوازی نوسینەکەم گۆڕیوە، جا ئەکرێ مەبەست بەو دەقەی کۆتایی بۆ نموونەکە بگەڕێتەوە، ئەو کاتە ڕوونکردنەوەکە بەم شێوەیە ئەبێت: ئەوانە زۆر زەعیف و بێ دەسەڵاتن لەوەی کەوا بتوانن مێشوولەیەك دروست بکەن یاخود ئەو شتەی کە مێشوولەکە بردیویەتی لێی وەربگرنەوە، ئیتر هەردوکیان بێ دەسەڵاتن هەم کەسەکان وە هەم لە دروستکردنی مێشوولەکە، وە هەم لە وەرگرتنەوەی ئەوشتەش. ئەمەش ڕکابەریەکی زۆر بەهێزە کە خوای گەورە ئاڕاستەی بێ باوەڕەکانی ئەکات. بەڵام لەوانەیە کەسێك بپرسێت ئەم شتە چیە کە مێشوولەیەك بەو بچووکیەی خۆی بتوانێ لە مرۆڤی ببات؟ وە بۆ ناکرێت لە ڕێی ئامرازێکەوە بتوانین ئەو مێشوولەیە بگرین و ئەو شتەی کە بردیویەتی لە دەستی ڕزگاری بکەین؟ وەڵام: هەندێك لە زاناکانی زیندەوەرزانی لە تاقیگاکانی خۆیان تاقی کردنەوەیان لەسەر مێشوولەو هەندێك لە حەشەڕاتەکان کرد، بۆیان وەدەرکەوت حەشەڕاتەکان کاتێ ماددەیەك ئەمژن ڕاستەوخۆ قووتی ئەدەن و ئەینێرنە نێو گەدەوە، جا ئەگەر بێت و ئەو شتە بگەڕێننەوە لە گەدەی پێش ئەوەی هەرسی بکات زاناکان ئەتوانن لە ڕێی هەندێك لە تەکنەلۆژیاوە بیهێننە دەرەوە، بەڵام کاتێك ویستیان هەمان شت لەگەڵ مێشوولە بکەن نەیان توانی، جا کاتێك مێشوولەیان لە ژێر جیهازی میکرۆسکۆب دانا سەرنجی ئەوەیان دا مێشولە کارێکی وا ئەکات هەر لە خەیاڵ ئەچێت، بینیان ماددەیەك لە دەمی دەرئەدات و یەکسەر هەڵی ئەمژێت بۆ ئەوەی بیخوات، جا ئەم ماددەیەش خۆراکەکە یاخود ئەو شلەمەنیە ئەگۆڕێت بۆ ماددەیەکی جیاواز کە گونجاو بێت بۆ گەدەی، ئینجا کاتێکیش چووە نێو گەدەیەوە ئەیگۆڕێ بۆ ماددەیەکی تر، وە زۆر بە زوویش هەرسی ئەکات، هەموو ئەو کردارەش لە بەشێك لە چرکەدا ئەیکات، هەر بۆیەش مەحاڵە گرۆی ئادەمیزاو جنۆکەکان بتوانن جارێکی تر ئەو خواردنە یاخود ئەو شتەی کە بردویەتی بیگەڕێننەوە سەر بنەڕەتی خۆی، ئا لەمەوە دەرئەکەوێ کەوا قورئان وتەی خوای مەزنەو دوورە لە وتەی مرۆڤ، پاکی و بێگەردی بۆ خوای مەزن کە چۆن بە بچوکترین دروستکراوی خۆی ڕکابەری هەموو مولحیدەکان ئەکات. وە سوپاسی پێغەمبەری خواش ئەکەین صلی الله علیه وسلم کە ئەم قورئانە مەزنەی بەوەحی لەلایەن خواوە بۆ هات تاوەکوو ئێمەی مرۆڤایەتی لە زەلکاوی سروشت پەرستی و خودپەرستی دەربهێنێت و پاکمان بکاتەوە بە ئاوی سازگاری خواناسین و خۆناسین مرۆڤ ناسین، وە بۆ ڕاستی ئەم وتانەشم ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وتەکانی دکتۆر سەعد زەغلول نەججار لەم

## تێبینی زانا فیزیاییەکان لەسەر کتێبی دیزاینی مەزن

زانای فیزیایی بەناوبانگ ڕۆجەر پینرۆز لەگەڵ هاوکینگ سەرهەڵدانی تەقینەوە مەزنەکەی سەلماندو پێمان ئەفەرموویێت: "بیردۆزی ئێم بە پێچەوانەی بیردۆزی کوانتۆمە، ناتوانیێ هیچ سەلماندنێکی ماددی بەدەست بهێنێت"[٣٥].

پرۆفیسۆری فیزیایی ئینگلیزی پۆڵ دیفیز لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی زۆر بە توندی ڕەخنەی لێ گرتووەو نوسیویەتی: "ئەو یاسایانەی کە تەرح کراون ناتوانریێ ڕاڤەی بۆ بکرێت، ئایا هەر بەم شێوەیە وەك ناونیشانێکی نەمر وەری بگرین؟ ئەی بۆچی خوای گەورە وەرنەگرین؟ باشە لەکاتی تەقینەوە مەزنەکە یاساکان لە کویێ بوون؟ ئێمە لەو خاڵەیا ئەکەوینە نێو ئاوێکی قوڕو لیتاویەوە"[٣٦].

فیزیایی و زانای گەردووناسی دکتۆر مارسێلۆ جلیسەر ئەفەرموویێت: "بانگەشەی ئەوەی گەیشتن بە بیردۆزی کۆتایی دژایەتیە لەگەڵ بنەڕەت و پیتەکانی فیزیاو زانستی ئەزموونی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان، ئێمە ئامرازێکمان نیە بۆ ئەوەی پێوانەی سروست بکەین بەگشتی، هەر بۆیەش ئێمە ناتوانین لەوە دڵنیابین کە ئەگەینە بیردۆزێکی کۆتایی، وە لەوێدا دەرفەتی سوپرایز بە بەردەوامی ئەمێنێتەوە هەروەکوو لە مێژووی فیزیاوە ئێمە فێربووین بە چەندەها جار، وە من وا ئەبینم ئەو بانگەشەیە پووچ بێت لەوەی کەوا خەیاڵ بکەین ئەکریێ بگاتە شتێکی لەم جۆرە،

---

لینکانەوە لە یوتوب: ١٢٧Qg-Q?t=٢qI٣https://youtu.be/KrL الإعجاز العلمي في القرآن الكريم : وإن يسلبهم الذباب شيئا لا يستنقذوه منه. https://youtu.be/w-٠٢٧W٥C٨Zc?t=٢ هل تعلم | قصة الاعجاز العلمي في خلق الذباب | سبحان الله - زغلول النجار

[٣٥] بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/The_Grand_Design_(book)

[٣٦] بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/The_Grand_Design_(book)

من باوەڕم وایە ئەوەی لەسەر هاوکینگ بێت ئەوەیە واز لە خواو کارەکانی ئەو بهێنێت"[٣٧].

زانای فیزیایی پیتەر وێت لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئەفەرمووێت: "من لەو کەسانە نیم وتەیەك بخەمە پاڵ وتەی سەرخەرەکان بۆ سەرخستنی خوا لە ڕووی فیزیاییەوە بەلاّم ئەوەی کە منی سەرسام کردبێ ئەوەیە ئەگەر هاوکینگ هەر پێداگرە لەوەی بچێتە نێو گۆڕەپانی جەنگەوە بۆ شەڕی نێوان ئایین و زانست بۆچی ئەو چەکە گوماناویەی بەکارهێناوە کە (بیردۆزی ئێم)ـە بۆ توانایی وکاریگەری خۆی"[٣٨].

زانای بەریتانی دکتۆرە بێرانێس گرینفیلد ئەفەرمووێت: "هەموو زانستەکان کاتین، ئیتر بانگەشەی گەیشتن بە وەلاّمێکی کۆتایی بۆ هەموو شتەکان ئەوە تەنها تێڕوانینی توندڕەوەکانە، بەڕاستی ئەوپەڕی شوورەییە گەنجێك وا گومان ببات بۆ ئەوەی ببێت بە زانا پێویستە ببێت بە مولحید، ئەوەتا زۆرێك لەو زانایانەی کەوا بڕوادارن وەکوو لێکۆڵەری جیناتەکان فڕانسیس کۆلینز لە هەمان کاتیشدا بڕوادارێکی مەسیحیە"[٣٩].

فەیلەسووفی ئەمریکی ویلیام لین کرێگ بەگاڵتەجاریەوە ئەفەرمووێت: "شتێکی نوێی زانستی لەو کتێبەدا بوونی نیە، بەڵکوو تەنیا مشتومڕێکی فەلسەفی ڕووتەو بەس، بە تایبەتی لە سێیەکی یەکەم، ئەمەش شتێکی غەریبە بەڕاستی، چونکە ئێمە

[٣٧] بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/The_Grand_Design_(book)

[٣٨] بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/The_Grand_Design_(book)

[٣٩] بڕوانە: https://www.telegraph.co.uk/news/science/stephen-hawking/٧٩٨٨٧٨٥/Baroness-Greenfield-criticises-Taliban-like-Stephen-Hawking.html

زانیمان هەر لەسەرەتای کتێبەکەی خۆیشیدا ئەفەرمووێت: "بێگومان فەلسەفە کۆتایی پێ هات و مرد".[40]

فەیلەسووف و فیزیایی کرێگ کالێندەر لە زانکۆی کالێفۆرنیا بە گاڵتەجاریەوە ئەفەرمووێت:"ئەمە ماوەی ٣٠ساڵە هاوکینگ ئەو لێدوانەی داوە کەوا ئێمە لەبەردەمی بیردۆزی هەموو شتێکداینە (تیۆری ئێم)، هەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠زاینیەوە هەتاوەکوو ئێستاکە کە ساڵی ٢٠١٠، کەچی هیچ شتێکمان نەبینی، بەڵام ئەوەی بەلاوە گرینگ نیە چونکە بڕیاری داوە هۆکاری بوون و وجوود ڕوون بکاتەوە ئەگەرچی بەبێ هەبوونی بیردۆزیش بێ، بێگومان ئەوەی ئەو دەیڵێ تەنیا تەخمینکردن و گومانە هەرگیز ناتوانرێ تاقی بکرێتەوە"[41].

وە هەروەها ستڤین هاوکینگ لە وتەیەکیدا خۆی دان بەوەدا ئەنێت: "هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە فیزیاو بیرکاری هەرگیز کۆتایی پێ نایێت".[42]

زانای بەناوبانگی فیزیایی ڕاسڵ ستانێرد ئەفەرمووێت: "بیردۆزی دەزووەکان پێویستی بە بەریەککەوتنی هایدرۆجینی هەیە بە ئەندازەی قەبارەی گەلەئەستێرەیەك بۆ ئەوەی تاقی بکرێتەوە ئەمەش ناکرێ، باشە ئەگەر وەك بیردۆزی ئێم گوتمان گەردوون لە خۆیەوە دروست بووە ئەی باشە کێ بیردۆزی ئێمی دروستکردووە؟ وە کێ یاساکانی فیزیایی تایبەت بەو بیردۆزە دروستکردووە؟ وە لەگەڵ هەندێش هەتاوەکوو ئێستاکەش هیچ هاوکێشەیەکی فیزیایی نیە، تۆ داوایان لێ بکە با هاوکێشەیەکی فیزیایی بنووسن، بێگومان هەرگیز ناتوانن چونکە بە سانایی دەستیان

[40] بڕوانە: http://www.youtube.com/watch?v=OSYmBsGIeT٨

[41] بڕوانە: http://www.newscientist.com/blogs/culturelab/٢٠١٠/٠٩/stephen-hawking-says-theres-no-theory-of-everything.html

[42] بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/Introduction_to_M-theory

**ناکەوێت"[٤٣]. وە هەروەها دووبارە ئەفەرمووێت: "هەر بۆیەش لەوکاتەی کە ستیڤن هاوکینگ بانگەشەی ئەوەی کرد کەوا بیردۆزی ئێم هەڵژاردەی یەکەمە وەك بیردۆزێکی گشتی سەبارەت بە گەردوون، جا بەڕاستی لە مەیان بە هەڵەدا چووە"[٤٤].**

**زانای فیزیایی کەنەدی لە زانکۆی ئەلبێرتا دون پەیج کە قوتابی پێشووی هاوکینگ بووەو هاوبەشی کردووە لەگەڵی لە نوسینی هەشت لاپەڕەی زانستی و ئەفەرمووێت:"هاوڕام لەگەڵ ئەو وتەیە هەتا ئەگەر بێت و توانیشمان بگەین بە داڕێشتنەکی کامڵ بۆ بیردۆزی ئێم، وە پاشان ڕاستی بوونیشی سەلمێنرا ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ کەوا خوای گەورە ئەم جیهانەی دروست نەکردووە"[٤٥].**

**زانای فیزیایی فڕانك کلۆز لە زانکۆی ئۆکسفۆڕد ئەفەرمووێت: "بیردۆزی ئێم نەناسێندراوە هەتا بە ئێمەش گوترا هیچ کەسێك نازانێ هێمای پیتی (ئێم) چ واتایەك ئەگەیێنێ لەوانەیە لە وشەی (میث)ـەوە هاتبێ کە بە واتای داستان ئەگەیێنێ، جا من وا نابینم ئەم بیردۆزە یەك شتی زیاد کردبێ دەربارەی مشتومڕ لەبارەی خواوە"[٤٦].**

**زانای فیزیایی جۆن بەتەر وۆرذ کە لە بەریەککەوتنی هایدرۆنی کار ئەکات لە سویسڕاو ئەفەرمووێت: "بیردۆزی ئێم زۆر خراپ و زیانبەخشە، وە بەدڵنیایشەوە لە**

---

[٤٣] بڕوانە: http://www.guardian.co.uk/technology/٢٠١٠/sep/١٢/russell-stannard-my-bright-idea

[٤٤] بڕوانە: https://www.theguardian.com/technology/٢٠١٠/sep/١٢-russell-stannard/my-bright-idea

[٤٥] بڕوانە: https://rzim.org/just-thinking/stephen-hawking-and-god/ https://rzim.org/

[٤٦] بڕوانە: https://rzim.org/just-thinking/stephen-hawking-and-god/ https://rzim.org/

بواری زانستدا هیچ بەڵگەیەكمان لەسەری نیە (واتە: لە دەرەوەی بازنەی زانستدایە)"[٤٧].

وە هەروەها دكتۆر محمد باسل طائی كە مامۆستای فیزیایی گەردوونیە لە زانكۆی یەرموك لە ئوردن ئەفەرموویت: "لە ڕاستیدا ئێمە هەر بەو شێوەیە لە (میكانیكی كوانتۆمەوە)[٤٨] فێربووین كە یاساكانی فیزیا پێویستیان بە كارپێكەرێك هەیە، وە هەموو داڕێشتنە یاساییەكان لە میكانیكی كوانتۆم داڕێشتنەكی بیركاری ئەنجام ئەدەن (Operator formulation) جا ئەم داڕێشتنەش لەگەڵ بوونی كارپێكەرێكدا لە ناواخنی خۆیدا ون ئەبێت، وە لە لایەكی تریشەوە هەموو ئەو فیزیاییانەی كە میكانیكی كوانتۆمیان خوێندووە ئەوە ئەزانن كەوا سیفەتی بونیاتنراو بۆ میكانیكی جیهان و شتە دیارەكانی جیهان سیفەتێكی ئیحتیمالیە نەك حەتمی بێت واتە دەرەنجامەكانی كاری یاساكانی جیهان (قیاسات) حەتمی نیە بەڵكوو ئیحتیمالیە، وە لەگەڵ هەندێش جیهان مومكینەو نەك واجیب بێت (واتە ئەشیٚ بوونی هەبیٚ و نەبیٚ)، جا ئەم ڕاستیەش ون ئەبێت لە عەقڵی ستیڤن واینبێرگ و ستیڤن هاوكینگ لەوكاتەی كە گوفتار لەبارەی خواوە ئەكەن"[٤٩].

دكتۆر هامیش جۆنستۆن كە دامەزرێنەری پێگەی جیهانی فیزیاییە ئەفەرموویت: "تەنیا كێشەیەكی بچووك هەیە ئەویش كەمی بەڵگەی ئەزموونیە بۆ بیردۆزی ئێم، بە واتایەكی تر لەوێدا زانایەكی گەورە هەیە هەڵئەستیٚ بە دەركردنی لێدوانێك بۆ

---

[٤٧] بڕوانە: https://rzim.org/just-thinking/stephen-hawking-and-god/ https://rzim.org/

[٤٨] میكانیكا الكم، میكانیكی كوانتۆم، Quantum mechanics

[٤٩] بڕوانە: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=٢٣١٥٨٢ وە هەروەها بڕوانە ئەم لینكەش لە یوتوب https://youtu.be/Kl٣mCbrmX٩٨?t=١٤٣

تێکڕای خەڵکی تیایدا قسە ئەکات دەربارەی بوونی بەدیهێنەر ئەمەش بە پشت بەستن و بڕواهێنانی بە بیردۆزێك کە نەسەلمێنراوە"[٥٠].

فەیلەسووف و پڕۆفیسۆری بیرکاری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد جۆن لینۆکس ئەفەرمووێت: "ستیڤن هاوکینگ کە زانایەکی فیزیایی دیارە مشتومڕی لەسەر ئەوە کردووە کەوا یاساکانی فیزیایی ڕوونکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی پێش کەش کردووە سەبارەت بە چۆنیەتی پەیدابوونی ژیان نەك بە هەبوونی ویستێکی خوایی، وە لەگەڵ هەندێش یاساکانی فیزیایی ناتوانێ هیچ شتێك پەیدا بکات، ئەمە تەنیا وەصفێکی بیرکاریە بۆ دیاردە سروشتیەکان کە لە کاتێکی دیاریکراودا بە دەرئەکەوێت، وە سەرەڕای هەندێش ئەو بەڵگەیەی کە هاوینگ باسی لێوە ئەکات جێگای مشتومڕو شکاندنە".

وە هەروەها ئەم وتانەش لە چەند شوێنێکی جیاوازدا ئەفەرمووێت: "سەبارەت بەو وتەیەی کە ئەفەرمووێت: بێگومان فەلسەفە مردو کۆتایی پێ هات" ئەمە زۆر ترسناکە بەتایبەتی لەو کاتەی کە تۆ ناتوانی لەسەری بوەستی و بەکاری بهێنی... وە لەبەرئەوەش هاوکینگ تێگەیشتنێکی هەڵەی هەبووە بۆ فەلسەفەو دین بەرێزیان ئەوەی لە ئێمە ئەوێ یان خوا هەڵبژێرین یان یاساکانی فیزیا... یاساکانی فیزیایی ناتوانێ هیچ شتێك پەیدا بکات، ئەمە تەنیا وەصفێکی بیرکاریە بۆ دیاردە سروشتیەکان کە لە کاتێکی دیاریکراودا بە دەرئەکەوێت... وە یاساکانی نیوتن بۆ جووڵە هەرگیز پاڵ بە تۆپی بلیارد نانێ لەسەر مێزەکە بەبێ هەبوونی یاریزانێك بۆ ئەوەی لێی بدات، جا یاساکان هەرگیز تۆپەکە ناجولێننەوە چ جای ئەوەی دروستیشی بکەن، ئەوەی ئەو دەیلێ خەیاڵێکی زانستی ڕووتەو بەس، ئەم بەرنامە گەردوونیە لە کوێوە هاتووە ئەوەی کەوا هاوینگ باسی لێوە ئەکات؟ ئەم بەرنامەیە

---

[٥٠] بڕوانە: /https://physicsworld.com/l/blog

هی گەردوون نیە جا کێ وای لێ ئەکات کەوا کار بکات ئەگەر خوای گەورە نەبێت؟... بێگومان هەوڵی زانا مولحیدەکان هەر ئەمەیە کەوا ڕابکەن لە بیرۆکەی بەدیهێنەر، جا هۆکاری ئەم بوونە ئەدەنەوە پاڵ شتانێك کە کەمترین ڕاستێتی هەیە وەکوو وزەو یاساو بارستەکان!... بەڵام سەبارەت بەخۆم هەرکاتێك تێگەیشتنم بۆ زانست زیاد بووبێ ئەوە ئیمانم بەخوا زیادی کردووە ئەمەش بەهۆی سەرسامیم لە فراوانی ئالۆزی و کەماڵی دروستکراوانی، پاشان ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کەوا چۆن زانا مەزنەکان ئیمانیان هێناوە بە بوونی بەدیهێنەرێکی مەزن بۆ ئەم گەردوونە جا ئەفەرموویێت: "دوای ئەوەی ئیسحاق نیوتن یاسای ڕاکێشانی دۆزیەوە گرینگترین کتێبێکی زانستی لە مێژوو دانا ئەویش کتێبی (پرێنسیپیا ماتیماتیکا) بە هیوای ئەوەیە کەوا ببێتە یاریدەدەرێك بۆ خاوەن ژیرییەکان تاوەکوو ئیمان بەخوا بهێنن، وە یاسا بیرکاریەکانی ئەنیشتانیش هۆکاری بەردەوامی سەرسامیەکانە، وە لەگەڵ ئیمانەکەشی بە بوونی هێزێکی دانای زاڵ لە دواوەی ئەم گەردوونەوە ئەگەرچی بڕواشی بەخوای کتێبی پیرۆز نەبێت... وە ئێستاکەش زانای بەناوبانگ سانداج کە بە باوکی ڕۆحی ناسراوە بۆ زانستی گەردوونی و وەرگری چوار خەڵاتی بەرزە لە وتەیەکیدا ئەفەرموویێت: "خوا بۆخۆی ڕاڤەکەرە بۆ موعجیزەی بەدیهێنان"[٥١].

زاناو فەیلەسوفی سەردەم دکتۆر عەدنان ئیبراهیم بەم جۆرە وەصفی هاوکینگ ئەکات کەوا بەهۆی ئەوەی کەسێکی پەککەوتە بووە ئیتر لەوەوە کاری لە دەروونی کردووە بۆچی منیش وەکوو مرۆڤەکانی تر نیم، جا ئەم بارە دەروونیەی هۆکاری سەرەکی ئیلحادەکەیەتی بۆئەوەی بوونی خوا ڕەتبکاتەوە".[٥٢]

---

[٥١] بڕوانە: /https://rzim.org/global-blog/stephen-hawking-and-god

وە هەروەها ئەم لینکەش لە یوتوب (٢ Stephen Hawking and God (١ of

http://www.youtube.com/watch?v=٢Eajt٥e٧MUM&feature=related

[٥٢] بڕوانە: https://youtu.be/KeRHBkNbIN٤?t=٣ جحیم هاوکینج/الدکتور عدنان إبراهیم

## پوختەی باسەکەمان

ـ زانست سەرەتای کات و شوێنی سەلماند ئەمەش لەگەڵ پەیدابوونی تەقینەوە مەزنەکە.

ـ بیردۆزی ئێم بیردۆزێکی نادیارو تەواو نەکراوە، وە دیاریش نەکراوە، هەر بۆیەش مەحاڵە بسەلمێنرێت.

ـ بیردۆزی کاتی خەیاڵی و فرە گەردوونیەکان ئەوە لە فەلسەفەکانی میتافیزقیە، وە هیچ بیناغەیەکی زانستی نیەو مەحاڵیشە بسەلمێنرێت هەروەکوو ئەوەی منالێك گریمانی ئەوە بکات کەوا گەردوون لە نێو شوشەیەکی پیپسی کۆکاکۆلایە.

ـ هەتا ئەگەر بێت و بواری دارێشتن و ڕاستی و سەلماندنی بیردۆزی ئێم و فرە گەردوونیەکانیش سەلمێنراو بووبە ڕاستی (کە هەر چەندیش ئەمە مەحاڵە) ئەوە ناتوانێت بوونی بەدیهێنەر ڕەتبکاتەوە.

ـ کتێبی (دیزاینی مەزن) تەنیا فەلسەفەیەکی ڕووتەو بەس، وە پاڵنەرو باکگڕاوندێکی نا زانستی و سیاسی لە پشتەوەیە.

## سەرنجی کۆتایی لەسەر کتێبەکە.

ئەوەی کتێبەکانی هاوکینگ بخوێنێتەوە تێبینی ئەوە ئەکات کەوا بابەتەکان تێکەڵ بەیەك ئەکات، بۆ نموونە هەرکاتێك بە دوای بوونی بەدیهێنەرێك بگەڕێت بۆ گەردوون ئەوە دووچاری بەیەکدادان ئەبێت لەگەڵ داستانی ئاینە بتپەرستیەکان و کتێبی پیرۆز، بێگومان ئەو شتانەش وای لێ ئەکات کە دووچاری ئیلحاد ببێت، ئا بەم شێوە داستانەکان باس ئەکات کە پڕە لە خوڕافیات کە پێچەوانەی واقیع و ژیریی مرۆڤن، ئیتر لەم سۆنگەیەوە دووچاری ئیلحادو بێ باوەڕی بوونە، وە لە کتێبەکەی کۆتاییدا باسی چیرۆکی دروست بوون ئەکات لای نەتەوەکانی تری جیهان سەرەتا لای ئاینە بتپەرستیەکانی خەڵکی دارستانەکانی ئەفریقیاو بیابانەکانی ئوستڕالیاو ئاینەکانی نەتەوەکانی ئەمریکای لاتینی و هیندیە سوورەکان و نەتەوەکانی ئاسیا کە لەوانەیە هیچ کەسێك نەبێت لە ئێستادا ئاینداری بکات لەسەر ئەم جۆرە دینەوە، وە کۆتا چیرۆکیش هەروەکوو ئەوەی کەوا لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، ئیتر ئەمانەی بە گاڵتەجاڕی و پێکەنینەوە وەرگرتووەو وەك داستانێکی پڕوپووچ سەیری کردووە لەبەرئەوەی پێی وابووە گشتی پێچەوانەی زانست و ژیریی مرۆڤە، هەر بۆیەش ئەمانە بوونە هۆکارێك کە بڵێ هیچ هیوایەك لە ئایندا نیەو سوودیشی لێ نابینرێت، بەڵام ئەو شتێکی لە بیرکرد!!!

ئەوەی لە بیرکرد کەوا ئاینێك هەیە ملیارو نیوێك خەڵك ئاینداری پێوە ئەکەن، وە گەورەترین ئاینی دووەمی لەبیرکرد کە لە وڵاتەکەی خۆیدا کە بەریتانیایە بوونی هەیە[٥٣]، وە ئاینێکی لەبیرکرد کە هاوشان و ڕێکە لەگەڵ عەقڵ و زانست و فیتڕەتی

[٥٣] بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/Islam_in_the_United_Kingdom

**ساغ و سەلیمدا، بەڵام بەداخەوە ئەبێ دکتۆر ستیڤن هاوکینگ ئیسلامی لەبیرکردبێت؟[54]**

**کۆمێنتەکەی بۆ ئێوە جێ ئەهێڵم.**

....................................................................

....................................................................

**بەم هۆنراوەیە کۆتایی بە بابەتەکە ئەهێنم**

## ئیلحادو شایەتی وجودی

یـاران دەمێکە ڕۆحـم جــەوەلان ئەکا.

بۆ باس و خواسی گەردوون مەیلان ئەکا.

شـەرتی کـردووە بۆ ئیسپاتی زاتـی ئەو

سـەری بەرزی لەم هـەوارە قوربـان بکا.

عـەجـایبی ئەم عـەقـلـە لەم تـاریخەدا

بۆ پـووچی فـامـی مولحیدان بەیـان بکا.

ئینکـاری زاتـی تاکـی شێتیە قـوربـان

دە تێفکـری خـۆت و ئایەی ویژدان بکا.

گشت زەڕڕەیەکـی ئەم گەردوونە ئایەتە

[54] بڕوانە: http://www.facebook.com/bh.truth#!/note.php?note_id=٢٣١٠٤٤٨٥٠٢٥٩٥٠٩

شایەتی سەمـــای وەحـــدانی یەزدان ئەکا.

موعجیزەی ئەدیان چەکوشی دەلیلی ڕێی

شکێنەری گـــومـــانە شووشـــەکـــان ئەکا.

ئەی بابای مولحید، بەچکە زۆڵەکەی نیچە

خۆت زیندانـــی فەلسەفەی دێڤیدان مەکا.

تەغـــەڕڕا مەبە بە وەهمـــی نەفس نزمێک

وەک تەبەڕڕای ستیڤن هاوکینگان مەکا.

ئەی بەچکە مەیموون، تەتەوڕیەکەی داروین

تەقلیدی زەڵـــڵەی ڕیتچارد دۆکێنزان مەکا.

تۆ ئـــازادی و هەم بە ئـــازادیش خولقاوی

خۆت عەشقی گێژاوەکەی مولحیدان مەکا.

تۆ زۆر مەزنی، بۆ هـــەتـــایش خولقـــاوی

بۆ دوو ڕۆژی دونیا ئەولات فەوتان مەکا.

پەنجەی شـــایەتـــی بەرزکە بۆ وجـــوودی

تاری صـــودفەیـــی ڕەوانـــەی زبڵدان بکا[٥٥].

---

[٥٥] هۆنراوەی بریندارى شاعر. تێبینی: جەوەلان واتە: هاتووچۆ، تەغەڕڕا واتە: مەغرور بوون. تەبەڕڕا واتە: نەویستن و خۆ لێ بێ بەری کردن. تار واتە: ڕەش. ئەو ناوانەش کە هاتوون ناوی زاناو فەیلەسووفە مولحیدەکانە (دێڤد هیوم، ڕیتچارد دۆکێنز، سیڤن هاوکینگ، چاڕلس داروین، فرێدریچ نیچە).

سوپاس بۆ  خوای گەورە کە یارمەتی دام لە ئامادەکردن و وەرگێڕانی بابەتەکان و پەراوێزدانان و نوسین و تایپ کردنی ئەم نامیلکەیە بەماوەی شانزە ڕۆژان، لەگەڵ ئەوەش کاتێکی زۆریشم بە دەستەوە بوو کە توانیم هەڵی بقۆزمەوە بۆ شتی تر، إن شاءالله ئەبێتە ڕووناکی بۆ دڵی گشت کەسێك، وە ئەبێتە مایەی کامەرانی و سەرفرازی بۆ دونیاو دوارۆژی هەموو کەسێك.

دەسپێك (١٣/٥/٢٠١٨زاینی) هاوکات لەگەڵ (٢٧/٨ شعبان/١٤٣٩کۆچی).

تەواو بوون(٢٨/٥/٢٠١٨زاینی) هاوکات لەگەڵ (١٣/٩ رمضان/١٤٣٩کۆچی).

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

*مەلا ڕەزوان ناسراو بە ڕیندار شاعر*

**کوردستان ـ هەولێر**

# ناوەرۆک


| بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٨ |
| قۆناغەکانی دروست بوونی گەردوون | ٨ |
| بیروباوەڕی کتێبەکەو پالنەرەکانی، وە تەماعکاری و فەلسەفەکەی | ١٣ |
| ئایا خودا تۆ لێرەی؟ | ١٣ |
| بیردۆزی میکانی کەم (کوانتۆم میکانیکس) | ١٥ |
| یاساکانی گەردوون ئیحتیمالیە نەک واجب بێت | ١٧ |
| بیردۆزی ڕێژەیی تایبەتی و گشتی ئەنیشتاین | ١٨ |
| ئیمامی غەزالی بەر لە ئەنیشتاین باسی زەمەنی کردووە کە بوعدی چوارەمە | ٢٠ |
| ئایا وشەی خۆرسک تەواوە یان خوارسک؟ | ٢٣ |
| بیردۆزی ژێیە بێ سنوورەکان | ٢٦ |
| مشتومڕ کردن لەسەر ناوەرۆکی کتێبەکەو بابەتەکانی | ٢٨ |
| میتافیزیک چیە؟ | ٣١ |
| ئایا بوونەوەرانی تر هەنە وەکوو ئێمە لەسەر هەسارەکانی تر؟ | ٣٦ |
| ئیعجازی مێشوولە | ٣٩ |
| تێبینی زانا فیزیاییەکان لەسەر کتێبی دیزاینی مەزن | ٤٠ |
| پوختەی باسەکەمان | ٤٧ |
| سەرنجی کۆتایی لەسەر کتێبەکە | ٤٨ |

## پێناسەیەکی من

### کێ منی دروست کردووە؟

من ئەو بوونەوەرەم کە لە نەبوونەوە هاتوومەتە بوون لە ڕێی دیزاینەرێکی مەزنەوە کە ناوی الله یە جل جلالە.

### کەواتە من کێم؟

من زاتێکم بوونێکی دەرەکیم پێ بەخشراوە کە زانستی هەبوونمە بە زاتی خۆم و هەست ئەکەم کەوا بوونەوەرێکم و ناوم لێنراوە مرۆڤ، وە بنەڕەتی منیش لە شتێک و ئەمرێک پێکهاتووە، ئەو شتە جەستەی خاکیمە، وە ئەمرەکەش کە ڕۆحمە بە بەرجەستەمدا کراوە کە بنەڕەتی ئەم ڕۆحەم لە جیهانی ئەمرەوە بوونێکی دەرەکی دروستکراوی پێ بەخشراوە کە ڕێک بێت بۆ جەستەی فانیم، وە بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێکی جووڵەری من، ئەمەش لە ڕێی هەبوونی زانستی بوونی خۆم کە خۆمم.

### بۆچی دروستکرام؟

من زاتێکی هێندە مەزنم هەر کاتێک منی خۆمم لە زاتی خۆمدا دۆزیەوە ئەو کاتە دارای کەماڵی صنعەتی بەدیهێنەرێکی مەزنم لە ئاسمانی بوون وەک چرایەکی ئەزەلی بۆم ئەدرەوشێتەوە، ئیتر منیش لە ڕێی ڕۆشنایی ئەم چرایەوە

لوتکەی خۆبەگەورە زانینی من ئەڕوخێنم و سەری نەوازشی من بەو پەڕی ملکەچیەوە بۆ ئەو بەدیهێنەرە پێ نزم ئەکەم.

## ئەی بۆ کوێ ئەڕۆم؟

من ئەو بوونەوەرەم کە لە نەبوونەوە هاتوومەتە بوون، دەکەوایە ئەبێ ڕۆژێ دابێ جەستەی فانیم بمرێت، وە ئەو منەم جارێکی تر دروست ببێتەوە بۆ ئەوەی چێژێکی هەتایی بکات لە ژێر بارەگاو چرا قەندیلەکانی بەهەشتی نەبڕاوەی بەدیهێنەری مەزن، وە ئەگەر بێت و ئەو منەشم سەرکەش و یاخی بوو ئەو کاتە چێژێکی زەققومی ئاوری هەتایی پێ خەلآت ئەکرێ کە شایستەی دادگەری ئەو بەدیهێنەرە مەزنە بێت.

زانای بەریتانی دکتۆرە بێرانێس گرینفیلد ئەفەرمووێت: "هەموو زانستەکان کاتین، ئیتر بانگەشەی گەیشتن بە وەلامێکی کۆتایی بۆ هەموو شتەکان ئەوە تەنها تێروانینی توندرەوەکانە، بەراستی ئەوپەری شوورەییە گەنجێک وا گومان ببات بۆ ئەوەی ببێت بە زانا پێویستە ببێت بە مولحید، ئەوەتا زۆرێک لەو زانایانەی کەوا بڕوادارن وەکوو لێکۆلەری جیناتەکان فرانسیس کۆلینز لەهەمان کاتیشدا بڕوادارێکی مەسیحیە"

پرۆفیسۆری فیزیایی ئینگلیزی پۆل دیفیز لە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی زۆر بە توندی رەخنەی لێ گرتووەو نوسیویەتی: "ئەو یاسایانەی کە تەرح کراون ناتوانرێ راڤەی بۆ بکرێت، ئایا هەر بەم شێوەیە وەک ناونیشانێکی نەمر وەری بگرین؟ ئەی بۆچی خوای گەورە وەرنەگرین؟ باشە لەکاتی تەقینەوە مەزنەکە یاساکان لە کوێ بوون؟ ئێمە لەو خالەیا ئەکەوینە نێو ئاوێکی قوراویەوە"

هیچ خودایەک
جگە لە خولقێنەری ئاسمانەکان و زەوی لەم جیهانەدا نیە